دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٨٥،چوارشەممە، ٣١ی خەرمانان ١٣٩٥ی هەتاوی، ٢١ی سێپتامبری ٢٠١٦، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

## پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی جێژنی قوربان

بە بۆنەی جێژنی پیرۆزی قوربان، پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش بە بنەماڵەی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، سەرجەم موسوڵمانانی کورد، بە تایبەت هاونیشتمانانی کوردی موسوڵمان لە کوردستانی خۆرهەڵات دەکەین.

بێگومان وەک هەموو لایەک ئاگادارن جێژن و خۆشیی ڕاستەقینەی نەتەوەی کورد و باقی نەتەوە ستەملێکراوەکانی نیشتەجێی ئێران، بە بوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە ناچێ، بۆیە ئاواتە خوازین ئەم جێژنە، یارمەتیدەر بێ بۆ یەکگرتوویی کۆمەڵانی خەڵک بە مەبەستی خەباتێکی نوێ لە ڕاستای هەڵتەکاندنی بنچینەی ئەو ڕێژیمە و بنیاتنانی زەمینەی لەبار بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتیکی فێدراڵ، دوور لە هەموو ستەمکاری و جیاوازیدانانێک، و پڕ لە جێژن و خۆشی بۆ هەموو لایەک.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری

٢١ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی ١١ی سێپتامبری ٢٠١٦ی زایینی



مستەفا هیجری: حیزبی دێموکرات بە بڕیاری خۆی تێدەکۆشێ ٤



خوێندن؛ خەونێکی وەدی‌نەهاتووی قوتابییە هەژارەکان ٦



ئیلام لە زەلکاوی درۆ و فاشیزمدا ٨



حیزبی ئێمە پێداگری لەسەر پێوەندییەک دەکاتەوە کە ڕێزی... ١٠

## پەیڤ

### دەسکەتوور

کەریم پەرویزی

خەباتی نەتەوەیەکی ژێرستەم بۆ گەیشتن بە ڕزگاری و دابینکردنی ئازادی، هەم لەگەڵ ڕێژیمی دەسەڵاتداردا بەرەوڕوو دەبێتەوە و هەم ڕێژیمی ستەمکاری، گرفتی نابەجێی وای بۆ دروست دەکا کە تێچووی خەبات و تێکۆشانەکەی زۆرتر بکا و هێز و تواناکانی بەلاڕێدا ببا.

ڕێژیمێکی ستەمکار و تیرۆریست پەروەری وەکوو ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی بۆ ئەوەی بەرپەرچی خەباتی مافخوازانەی گەلانی ژێرستەم و بەتایبەتی گەلی کورد بداتەوە و خەباتەکەی وا سەرکوت بکا کە نەتوانێ جارێکی دیکە ڕاسانەوە بەخۆوە ببینێ، بەتەواوی هێز و ئیمکاناتیەوە، لە شۆڕش و خەباتی نەتەوەی ژێرستەم دەدا و وەکوو دەڵێن سیاسەتی مستی ئاسنین بەکار دێنێ کە ئەو خەباتە تووشی تاسان بکا. هەروەک چۆن لە سەرەتای هاتنە سەرکاردا فەرمانی جیهادیان بە دژی کورد دا و خەڵخالیی جینایەتکار و چەمرانی تیرۆریستیان نارد تاکوو کوردستان وێران بکەن، لەم ساڵانەی دواییشدا بە هەموو هێز و تواناوە لەگەڵ خەباتی خەڵکی کورد بەرخوردیان کردووە.

ڕێژیمی ئیسلامیی تاران، بە سیاسەتی سەرکوتی دڕندانە، دەیەوێ تێچووی خەبات بباتە سەر، تاکوو خەڵک چاوترسێن بکرێن و کەس نەوێرێ خۆی لە خەبات و تێکۆشانی دژ بە ستەمکاری بدا. یەکێکی دیکە لە ڕەهەندەکانی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی بە دژی خەباتی نەتەوەی کورد، هەوڵ و پەلەقاژە بۆ ئەوە بووە کە لە نێو نەتەوەی کورددا پێگەیەکی سەر بە ڕێژیم دروست بکەن یان لە نێو پێگەی جەماوەریی هێزە دژبەرەکاندا گەرای پیسیی بڕێژن تاکوو ئەو گەرا و تۆوە بەدکارانە، لەداهاتوودا بتوانن ببنە هێزی بەلاڕێدابەری خەبات و خەباتی خەڵک لە نێوەوە کرمۆڵ بکەن و سەرئێشەکانی خەبات زیاتر بکەن.

بەم سیاسەتە گڵاوەی ڕێژیم، کە هەندێک دەستوپێوەندیشیان بۆی دروست کردوە، هەم بەشێک لە کەسان و تاکەکانی کۆمەڵ لە خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازانە دوور دەخەنەوە و هەم ئەو دەستوپێوەندییانە دەکەن ئامرازێکی زەربەدان لە شۆڕش و خەبات و بەم شێوەیە هێزی شۆڕش بە شتی لاوەکییەوە سەرقاڵ بکەن، یان هەر هیچ نەبێ بەشێک لەو هێزە بە سەرقاڵبوون بەکەندوکۆسپی ناڕاست

درێژە لە لاپەڕەی ٢

# خومەینیزم، سەرچاوەی توندئاژۆییە

وەزیری دەرەوەی عەرەبستانی سعوودی، ڕێژیمی ئێران بە سەرچاوەی ئاژاوە و ناسەقامگیری لە ناوچە و جیهاندا وەسف دەکات و «خومەینیسم» وەك ئیدئۆلۆژیی تایفەگەرایی و توندئاژۆیی ناو دەبات.

بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان، ڕۆژنامەی واڵ ستریت ژۆرناڵ وتارێکی عادل ئەلجوبەیری بڵاو کردۆتەوە کە تێیدا هاتووە: «ڕێژیمی ئێران یەکەمین دەوڵەتی پشتیوانی تێرۆریزم لە جیهاندایە و ڕێبەرانی ئەو وڵاتە لە سەرەتای دامەزراندنی ڕێژیمی ئێرانەوە ڕاستەوخۆ لە زۆربەی کردەوە تێرۆریستییەکاندا دەستیان هەبووە».

وەزیری دەرەوەی عەرەبستان لە وتارەکەیدا هەروەها نووسیویە: «ئیدئۆلۆژیی خومەینیستی کە ئیدئۆلۆژیی فەرمیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕق و بێزاری لە ڕۆژئاوایە، لە سەر بنەمای تایفەگەری و توندئاژۆیی دانراوە و تەنیا بە لەنێوبردنی ئەو ئیدئۆلۆژییە دەکرێ و دەبێ دژ بە تیرۆریزمی جیهانی شەڕ بکرێت و ئاشتی و سەقامگیری بگەڕێندرێتەوە بۆ ناوچە».

ناوبراو هەروەها دەنووسێت کە ڕێژیمی ئێران لە سەرەتاوە تا ئێستا هێرشی کردۆتە سەر ١٢ باڵوێزخانە لە تاران، هەروەها سپای پاسداران ناوەندە فەرهەنگییەکانی خوی لە زۆربەی وڵاتانی وەك سودان، نیجێریە، سووریە، لوبنان، یەمەن و دورگەی کۆمۆر جێگیر کردووە.

وەزیری کاروباری دەرەوەی عەرەبستان لە درێژەدا نووسیویە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئامرازی تیرۆریزم بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتە دوژمنکارانەکانی خۆی کەڵکی وەرگرتووە. ناوبراو دەڵێ: «ئەگەر حکوومەتی ئێران دەیهەوێ ڕاستبێژیی خۆی لە بواری شەڕی جیهانیی دژ بە تیرۆریزمدا بسەلمێنێت، دەبێ ڕێبەرانی ئەلقاعیدە کە لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا داڵدە دراون، وەك سەعد بن لادەن، کوڕی ئوسامە بن لادەن یان سەیفولعەدل، فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەلقاعیدە و تاوانباری سەرەکیی کردەوە تیرۆریستییەکان دژ بە ئەمریکا، عەرەبستان و وڵاتانی دیکە ڕادەستی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بکات».




ئەلجوبەیر دواتر ئاماژە بەوە دەکات کە : «ئەگەر پڕوپاگەندەکانی حکوومەتی ئێران لەمەڕ خەبات دژ بە تیرۆریزم، ڕاستبێژیی تێدایە، ئەو ڕێژیمە دەبێ پاڵپشتیی ماڵیی خۆی بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەك حیزبوڵڵای لوبنان ڕابگرێت کە ڕێبەرەکەی بەم دواییانە دانی بەوەدا نا کە ١٠٠٪ی سەرچاوە ماڵییەکانیان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دابین دەکرێت».

ئەلجۆبەیر لەو وتارەی خۆیدا لەژێر ناوی «ئێران ناتوانێت ڕابردووی پشتیوانیکردنی خۆی لە تێرۆریزم بسڕێتەوە» باس لەوە دەکات کە لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی سووریە و دواتریش هاتنە ئارای شەڕ لەو وڵاتەدا، زیاتر لە ٥٠٠ هەزار کەس لەو وڵاتە بە دەستی هێزەکانی بەشار ئەسەد کوژراون و ئێران بە ناردنی هێز و پشتیوانییە هەمە لایەنەکانی خۆی لە ڕێژیمی ئەسەد، لە قەڵاچۆکردنی خەڵکی سووریەدا بەشدارە.

# نۆستالۆژی حیزبی دێموکرات، پزیشکانی جیهانی لەدەوری یەکتر کۆ کردەوە

لە کۆبوونەوەی ساڵانەی پزیشکان و پەرەستارەکانی سەر بە دامەزراوەی پزیشکانی جیهان کە لە ڕابردوودا زیاتر لە یەک دەیە هاوکاری حیزبی دێموکراتیان کردووە، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بەشداری کرد.

ماڵپەڕی کوردستان میدیا بڵاوی کردەوە، ئەمساڵیش بەشێک لە پزیشک و پەرەستارەکانی سەر بە دامەزراوەی پزیشکانی جیهان کە لە ساڵانی ڕابردوودا زیاتر لە یەک دەیە لە کوردستان هاوکاری حیزبی دێموکراتیان کردبوو، لە ڕۆژانی ١٧ و ١٨ی سێپتامبری ٢٠١٦ لە گوندی ئێتوال سەر بە پارێزگای مارسی کۆبوونەوە و ڕێزیان لەو هاوکارییانە گرت.

پێویست بە ئاماژەیە کە ١٢ ساڵ پێش ئێستا و بە دەسپێشخەری دوکتور بێرنارد گرانژۆن، سەرۆکی ئەو کاتی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان، پێشنیاری بەستنی کۆبوونەوەیەکی لەم شێوە هاتە ئاراوە کە لەگەڵ پێشوازی زۆربەی پزیشک و پەرەستارەکانی لێکەوتەوە کە کاتی خۆی هاتبوونە کوردستان و یارمەتی حیزبی دێموکراتیان دابوو. بۆیە لەو کاتەوە، هەموو ساڵێک لە دوو ڕۆژی پشودان لە کۆتاییەکانی مانگی سێپتامبر یان ئۆکتۆبر لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوە و لە ژێرناوی «دوایین حەوتووی تایبەت بە کوردستان» باس لەو ساڵانە دەکەن کە هاوکاری حیزبی دێموکراتیان کردووە و ڕێزی لێدەگرن.

ئەمساڵ بەوهۆیەوە کە ١٧ی سێپتامبر هاوکات بوو لەگەڵ ساڵڕۆژی شەهیدکرانی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بە دەستی تێرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، یەکەم دانیشتنی ئەم کۆبوونەوە تەرخان کرابوو بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی ئەم شەهیدانەی ڕێگەی ئازادی و دێموکراسی.

لە دانیشتنی دووهەمی ڕۆژی ١٧ی سێپتامبر، لەسەر داوای بەشداربووان، خوسرەو عەبدوڵاهی نوێنەری حیزبی دێموکرات لە فەڕانسە سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان بەتایبەت کوردستانی ڕۆژهەڵات و بەتایبەت چالاکی پێشمەرگەکانی حیزب لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ داکۆکی لە خەڵک لەبەرامبەر سەرکوتکارییەکانی ڕێژیمی ئاخوندنی و تێکەڵ کردنی خەباتی شاخ و شار لێدوانێکی پێشکەش کرد.

ڕۆژی ١٨ی سێپتامبریش تایبەت کرابوو بۆ گێڕانەوەی بیرەوەری و بەسەرهاتی بەشێک لە پزیشکان و پەرەستارەکانی بەشدار کە تێیدا باسیان لە ماوەی مانەوەیان لە کوردستان و ئەزموونەکانیان لەو هاوکارییانەی پێشکەشی حیزبی دێموکراتیان کردووە.

# یادی شەهیدانی میکۆنوس لە شارەکانی کوردستان بەرز ڕاگیرا

یادی ٢٤ـەمین ساڵڤەگەڕی شەهیدکرانی دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی، لەشار و شارۆچکە وگوندەکانی کوردستان، بە چالاکیی تەبلیغی بەرز ڕاگیرا.

**سنە:**

ئەندامانی تێکۆشەری دێموکرات لە مەیدانی سەرەکیی سنە، شوێنە ئێدارییەکانی ئەو شارە، مەیدانی ئیقباڵ، ئەمیریە و پارکی جەنگەڵیی ئاویەر تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردووەتەوە.

هەروەها قارەمانانی دێموکرات لەو چالاکیانەدا، ناوی «کاکۆ»، واتە نازناوی شەهید کاوە جەوانمەرد، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەکێک لە شەهیدانی سەرفرازی ڕاسانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان وەکوو وەفایەک بۆ ئەو شەهیدە، نوسیووەتەوە.

**بۆکان:**

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٣ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری بۆکان، بە بڵاو کردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بە ٢٦ی خەرمانان، یادی شەهیدانی میکۆنوسیان بەرز ڕاگرت و تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی ڕێژیمی تێرۆریستیی ئێرانیان مەحکووم کرد. شەقامی ئینقلاب، بازاڕی شەقامی کۆن، شەقامی سەقز و گەرەکی دەروازەی قەبران، شەقامی سەنگینی و کۆڵانەکانی بیمارستانی کۆن، ئەو شوێنانەن کە چالاکیی تەبلیغیی تێدا بەڕێوە چووە.

هەروەها قارەمانانی دێموکرات ڕۆژانی دووشەممە، سێشەممە و چوارشەممە ڕێکەوتی ١٥، ١٦ و ١٧ی خەرمانان بە بۆنەی بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی کارەساتی میکۆنوس و دەربڕینی نەفرەت و بێزاری لە تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ناوچەی پیرمحەممەدی بۆکان لە گوندەکان و لە سێ ڕێیانی قەرەکەند، سێ ڕێیانی عەزیزکەند، سێ ڕێیانی نۆبار-سەیدئاوا و لە گوندی تەرەغە زێدی شەهید دکتور شەرەفکەندی، خانووە سازمانییەکانی کوی ئەندیشە، تێرمیناڵی تاران، خیابانی وسیم خلوەتی، خیابانی سەید شوکرە، باسکوڵی ئیلخانی زادە، فەلەکەی عەلی ئاباد، دانیشگای پەیامی نوور، پۆمپی گازی عەلی ئاباد، خیابانی ٥٥، کوچەکانی پشت ٣٠ میتری، پاڕکی کوی ئەندیشە، کوچەی دامپزشکی، مەدرەسەی ڕەحمان سالمی ٢، سێڕێیانی خاوەران، بێهداشتی مەجبورئاوا، شەهرەکی نەساجی، پارکی مۆتۆری شارەداری، بانکەکانی کشاورزی و سپە، عابر بانکەکانی شار و مەدرەسەی کەوسەر، ئەو شوێنانەن کە چالاکیی تەبلیغییان تێدا بەڕێوە چووە.

هەروەها ئەندامانی دڵسۆزی دێموکرات بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانان سالڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور سەعید و هاوڕێیانی بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێر و سی دیی قسەکانی مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نەورۆزی ٩٥دا، و لە ڕێگای کورتەنامەوە پەیامی» شار ناوەندی ڕاسانە»یان بۆ خەڵک بەرێ کردووە.

ڕێکەوتی ٢٣ی خەرمانان ئەندامانی حیزب لە گۆڕەپانی «عەلیاباد»ی بۆکان کە شوێنێکی زۆر شلوقە، ئاڵایەکی کوردستانیان بە دروشمی «ڕاسان» هەڵدابوو، کە بووە هۆی خوشحاڵیی خەڵک؛ هەروەها وێنە و پوستێری دوکتور سەعید شەرەفکەندی و سی دی قسەکانی کاک مستەفا هیجری لە نەورۆزی ٩٥، لەپێوەندی لەگەڵ خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات، لەنێو خەڵک و ڕێبوارانی ئەم جادەیەدا بڵاو کرایەوە.

**نەغەدە:**

قارەمانانی دێموکرات لە گوندی «چەقەڵ مستەفا و خەلیفەلیان» سەر بە شاری نەغەدە و گوندەکانی ئاڵیاوێی جۆخۆران، ئالیاوێ لە نێوان شنۆ و نەغەدە، بە بۆنەی بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی کارەساتی میکۆنوس و دەربڕینی نەفرەت و بێزاری لە تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە گوندی چەقەڵ مستەفا و خەلیفەلیان تراکت و پۆستێری تایبەت بە شەهیدانی میکۆنوسیان بڵاو کردووەتەوە.

**مەهاباد:**

ئەندامان و لایەنگرانی قارەمانی حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد، بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانان سالڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، بە شێوەیەکی بەرین لە نێو شاردا چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەندامان و لایەنگرانی دێموکرات لە چوارڕای ئازادی و دەوروبەری، چوارڕای مەولەوی و دەوروبەری، گەرەکەکانی تەپەی بازی، کوی زیبا و دەوروبەری و هەروەها شەهرەکی کارمەندان و دەوروبەری بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغیی یادی شەهیدانی میکۆنوسیان بەرز ڕاگرت.

**پیرانشار:**

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری پیرانشار لە بەرەبەری ٢٦ی خەرمانانەدا، ڕۆژی دووشەممە لە سەر سێشەممە ڕێکەوتی ٢٢ لە سەر ٢٣ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی، لەم شوێنانە چالاکیی تەبلیغییان ئەنجام دا:

لە فەلەکەکانی محەممەد هەوراز، سەردەشت، گاز، قورعان، قەل و قاز، کشاوەرزی، نالی، مامۆستا هێمن، جمهوری ئیسلامی، چوارڕێیانی سەعدی، مەولەوی، مادەر، موعەلیم، ئازادی، شەقامەکانی مەنگوڕ، پیران، مەلا ڕەزا، دوکتور قاسملوو، ئیمام، تەوحید، ١٦ میتری، ٢٤ میتری، ٣٢ میتری، کانی جۆ، کاسەکەران، ساحلی، کەمەربەندی، کۆنەخانێ، مزگەوتەکانی ئیمام خەلیل، ئیمام شافعی، چوار یاری نەبی، دارولقورعان، مەلا دۆنەخۆر، حاجی شەفیع، جامیعەی جەدید و قەدیم، کۆچەکانی کەیهان، کەوسەر، قەڵەم، قدو، کوردستان، ئەمین، عەشایری، نەسیمی ١ تا ٨، کەیوان، کامیل، باران، ژوان، یاران، سازگار، سومەیە و دەیان کۆڵانی دیکەش، و هەروەها لە مەدرەسەکانی مامۆستا هەژار، کار و دانش، شەوانە ڕۆژی محەممەد ڕەسوڵڵا، ئایتوڵڵا کاشانی، کەوسەر، سدوقی، پارکی فەلەکەی سەردەشت و پارکی تێرمینانی شارستان، زیاتر لە ١٧٠٠ تراکت و پۆستێری تایبەت بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانان بڵاو کراوەتەوە.

**ورمێ:**

ئەندامان و لایەنگرانی قارەمانی حیزبی دێموکرات لە دزەی مەرگەوەڕ، بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانان سالڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، بە شێوەیەکی بەرین لە نێو شارۆچەکەی دزەی مەرگەوەڕ چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەندامان و لایەنگرانی دێموکرات بە نووسینی دروشمی شۆڕشگێڕانە پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ شەهیدانی میکۆنوس دووپات کردەوە و تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی ڕێژیمی ئێرانیان مەحکووم کرد.

**سەقز:**

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری سەقز بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانان لە شەقامی «سەعدی» و «خانە گوستەر» ، بلواری ئینقلاب، مەیدانی زیندانی سەقز، کریم ئاوا، تەپەی ساڵح ئاوا، دەوروبەری ١٣٩٥، نزیک مزگەوتی هەمزە، دارولشەفا و نێوان شاناز ـ کریمئاوا، بە شێوەیەکی بەرین چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و هەروەها دروشمی دژی ڕێژیمی ئاخوندییان لە دیوارەکان نووسیوە.

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی، بە بۆنەی سالڕۆژی تێرۆر کرانی کاک دوکتور سەعید شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، بۆ چەندەمین جار لەم شوێنانەی نێو شاری سەقز کاری تەبلیغی کراوە و تراکت و پووستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردووەتەوە. ئیدارەی ڕێگاوبان، ئیدارەی سەبتی ئەسناد، زانکۆ و مەدرەسەی ژیمناستیکی وەنەوشە، ئەو شوێنانەن کە چالاکیی تەبلیغییان تێدا ئەنجام دراوە.

پێشتریش ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە قەوخ، شیوی جوتیاران، تەپەی گۆڕە جولەکە و بەردبڕان و هەروەها لە گوندەکانی سەرکەل، ئەحمەد ئاوا، ئاڵتون و قارەوا لە نێوان سەقز ـ بۆکان، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

**مەریوان:**

ڕێبوارانی ڕێگای دێموکرات بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی میکۆنوس بە شێوەیەکی بەرین لە گەڕەکەکانی سەردۆشیەکان، بەهاران، مەردوخ، ستادیۆم، موسکی دوو، بەهاران فازی دوو، داسەیرانی یەک، بلواری موعەلیم و ئیدارەی بەرق، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

# ئاگادارییەک لە کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە

هاونیشتمانیانی ئازیز،

دڵسۆزانی خەباتی ڕەوای نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردستان،

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەبەردایە کە لە چەند مانگی داهاتوودا، لە ڕەوتی پرەنسیپە دێموکراتیکە جێگرتووەکانی نێو شێوازی خەبات و تێکۆشانیدا، کۆنگرەی شازدەهەمی خۆی بەڕێوە ببا.

هەر وەک هەموو لایەک دەزانن، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە بارودۆخێکی زۆر هەستیار و بارگاوی بە زۆر ڕووداو و ئاڵوگۆڕە و کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش لە ئێستای ئاڵوگۆڕەکاندا پێویستە کە جێگە و پێگەی شیاوی خۆی دیاری و دەستنیشان بکات و هەر وەک ڕای گشتییش ئاگادارن، کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەم چەند ساڵەی دواییدا بڕیاری دیکەی بۆ درێژەدانی جیاواز بە خەبات و تێکۆشانی خۆی داوە و بڕیاری داوە کە ئامادەبوونی پێشمەرگە لە نێو کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا درێژە بدا و بەردەوام بێ لە سەر ئەو شێوەیە بۆ گرێدانی خەباتی شار و شاخ.

لە وەها دۆخ و بەستێنێکی سیاسیدا، بەپێی ڕەوتی دێموکراتیک و بە لەبەرچاوگرتنی پێویستییەکانی خەبات و تێکۆشان، حیزبی دێموکرات کۆنگرەی شازدەهەمی خۆی دەبەستێ و کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکرات داوا لە هەموو دڵسۆزانی خەباتی ڕەوای کورد، و لە هەموو دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات و هەموو کادر و پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکات کە؛ لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەت و بەرنامەکانی حیزبی دێموکرات و کارە پێوەندیدارەکان بە کۆنگرەی ئەم حیزبە، ڕا و بۆچوون و سەرنج و ڕەخنە وپێشنیارەکانی خۆیان بۆ کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە بنێرن.

لەو پێوەندیەدا پێویستە ئاماژە بە چەند پێویستی بدەین:

یەکەم: هەموو بابەت و ڕا و پێشنیارەکانتان بە کۆمیتەی ئامادەکار دەدرێ و کەڵکی پێویستی لێ وەردەگیرێ، و هەروەها گەر شتێکی نەشیاو، یان سووکایەتی بە کەس و لایەنێک، و یان زانیارییەکی ئەمنیەتیی تێدا نەبێ، وەکوو خۆیان بە بێ دەسکاری لە ماڵپەڕی کوردستانمیدیادا بڵاو دەکرێنەوە.

دووهەم: داوامان ئەوەیە کە بابەتەکان کورت و ئەوپەڕەکەی لە ٨ لاپەڕەی A٤ تێنەپەڕێ، تاکوو هەم لە توانا و حەوسەڵەی خوێنەرانی ماڵپەڕ دەرنەچێ، و هەم لە مانگەکانی داهاتوودا نوێنەرانی کۆنگرەی حیزبیش بتوانن کەڵکی لێ وەربگرن.

سێهەم: هەوڵ بدرێ کە نووسینەکان، وێڕای ئاماژەی بەڵگەمەند و لۆژیکی و مەنتقی بۆ سەرچاوەی بابەتەکان، پێشنیاری ڕوون و کۆنکرێتی بۆ چارەسەر و گرتنەبەری ڕێگا تێدابێ.

چوارەم: ماوەی ناردنی بابەتەکانتان هەتا کۆتایی مانگی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی، دەبێت.

وێڕای داواکردنەوە لە هەموو ئێوەی ئازیز بۆ ئەوەی بە سەرنج و ڕا و بۆچوون و ڕەخنە و پێشنیارەکانتان، هەم یارمەتیدەری ئێمە بن بۆ بردنە پێشی باشتری کارەکان، و هەم بە بیر و هزری هەموومانەوە بتوانین کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکرات بکەین بە کۆنگرەیەکی مێژوویی بۆ تێپەڕاندنی قۆناخە دژوارەکان و نزیک کردنەوەی هیوای سەرکەوتنی گەلەکەمان.

بۆ ناردنی بابەتەکانتان دەتوانن بۆ ماڵپەڕی «کوردستانمیدیا»ی بنێرن، یان بەم ئادرەس ئیمەیلە بۆ کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی شانزدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بنێرن:

Kongre.pdki@gmail.com

سەرکەوتن بۆ خەباتی ڕەوای نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردستان

کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢٦ی خەرمانانی ١٣٩٥

١٦ی سێپتامبری ٢٠١٦

# لە پێرلاشێز ڕێوڕەسمی شەهیدانی میکۆنوس بەڕێوەچوو

بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی میکۆنوس لە گۆڕستانی پێرلاشێز لە وڵاتی فەڕانسە ڕێوڕەسمێک بۆ شەهیدانی میکۆنوس بەڕێوەچوو.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٧ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بۆ شەهیدانی کارەساتی بێرلین بە بەشداریی مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکان، کەسایەتییە سیاسییەکان، ڕۆژنامەوانان و ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە وڵاتانی بلژیک، سوئیس، هۆلەند و چەند وڵاتێکی دیکەی ئورووپایی بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەو ڕێوڕەسمەدا وتارێکی پێشکەش کرد.

هیجری لە قسەکانیدا وێڕای بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی میکۆنوس باسی لە ڕاسان و دووبارە دەستپێکردنەوەی چالاکیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێوخۆی وڵات کرد.

ڕێوڕەسمەکە پاش سەردانی گڵکۆی شەهیدانی ڤیەن کۆتایی پێهات.

لەو ڕێوڕەسمەدا:

- نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
- نوێنەری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان
- نوێنەری پارتی دێموکراتی کوردستان
- نوێنەرایەتی پارتی سوسیالیستی کوردستان
- هاک پار (HAK PAR)
- سازمان اتحاد فدائیان خلق ایران

بەشداریی ڕێوڕەسمەکەیان کردبوو و تاجەگوڵینەیان لە سەر گڵکۆی شەهیدان دانا.

## دڕێژەی پەیڤ

و دەستکردی دوژمنەوە بەفیرۆ بدەن.

ئەم جۆرە تاکە سەرلێشێواوانە کە دەبنە دەستوپێوەندیی ڕێژیم، ڕەنگە بەرژەوەندییەکی تەسکی تاکییان دەست بکەوێ، بەڵام ڕۆڵی دەسکە تەور دەگێڕن بۆ دوژمن.

کاری دەسکە تەور، خزمەت کردنی تەوری ڕیشدار دەبێ و هێزی گەل تاڕادەیەک بەخۆوە سەرقاڵ دەکا و هەرکاتیش دەسکە تەور شکا یان پێویستیان پێی نەما، دوژمن لە کوانووی دەخا و دەیسووتێنێ. چوونکە دەسکە تەور تەنیا بۆ خیانەت بەکار دێ و دوژمنیش بۆ هەمیشە بڕوای پی ناکا، چوون کەسێک کە خەیانەت بە نەتەوە و خەڵکی خۆی بکا، دەکرێ زۆر ئاسان شوێنی دیکەش بیکڕێ و خەیانەت بە کڕیارەکەشی بکا، بۆیە چارەنووسی دەسکە تەور هەر سووتانە!

# سەرکەوتنی کچە کوردی ئێزەدی، نادیە موراد شانازییە

کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە هەڵبژاردنی کچە کوردی ئێزەدی وەک باڵوێزی نیازپاکیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەو شانازییە و سەرکەوتنە پیرۆزبایی دەکات.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی هەینی ٢٦ی خەرمانان، بەرانبەر بە ١٦ی سێپتامبری ٢٠١٦ی زایینی، کچە ئێزەدیی ڕزگاربوو لە دەست دڕندەییەکانی داعشی وەکوو باڵوێزی ئەو ڕێکخراوە بەناوی باڵوێزی نیازپاکی دیاریکرد.

نادیە موراد یەکێک لەو هەزاران کچ و ژنانە لە کوردانی ئێزەدییە کە دوای هێرشی داعش بۆ سەر شەنگال کەوتنە دەست ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیە و وەکوو کۆیلە و کەنیزەک و دەسکەوتی شەڕە دژە مرۆییەکەیان کەڵکیان لێ وەرگرتن و ئەوەی هەڵسوکەوتی دژەمرۆیی و دڕندانە بوو بەنیسبەت ئەوانەوە ئەنجامیان دان.

نادیە موراد کچە کوردی ئێزەدی یەکێک لەو کەسانە بوو کە لەدەستی ئەو دڕندانە دەربازی بوو و دوای دەربازبوونی بووبە دەنگی ئەو ژن و کچە ستەملێکراوانە و نەیهێشت ویژدانی جیهانی بێدەنگ بێ بەرانبەر بە مافی پێشێلکراوی ئەو ژن و کچانە. لە ئاکامی ئەم تێکۆشانانەی نادیە مورادا، و بۆ نیشاندانی ڕێزی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە نادیە موراد و درککردن بە ئازار و مەینەتییەکانی ژنانی کورد و بەتایبەت ژنانی کوردی ئێزەدی، نادیە موراد وەکوو باڵوێزی نیازپاکیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دیاری کرا و هەروەها ناوبراو کاندیدی خەڵاتی نۆبێلی ئاشتیشە.

لە کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە وێڕای پیرۆزبایی لە نادیە موراد بۆ ئەوەی وەکوو باڵوێزی گەورەترین ڕێکخراوی جیهانی و لە ڕاستیدا وەکوو باڵوێزی بەشی هەرەزۆر لە نەتەوەکانی جیهان دیاری کراوە، هیوای سەرکەوتنی هەرچی زیاتری بۆ دەخوازین و هەروەها هیواداریـن کە خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلیش وەدەست بێنێ و هیوادارین کە لە هەوڵ و تێکۆشانەکانی بەردەوام بێ لە پێداگری لەسەر مافی ژنانی کوردی ئێزەدی و هەروەها هەموو ژنانی مافخوراوی کورد.

هیوادارین کە نادیە موراد هەروەک ڕووی داعشی لەجیهاندا ڕەش کرد، بە هەوڵ و تێکۆشان و پشتیوانیی هەموان و بەتایبەت ژنانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بتوانێ ڕووی دزێو و ڕاستەقینەی داعشی ویلایەتی فەقیهیش بۆ جیهان ڕیسواتر بکات.

دووبارە پیرۆزبایی لە هەموو ژنانی کورد وبەتایبەت ژنانی کوردی ئێزەدی و ژنە دلێری کوردی ئێزەدی نادیە موراد دەکەین بۆ ئەم پێگە و جێگە شیاو و جیهانیەی.

ئازادی و بەختەوەریی کۆمەڵگا، لە یەکسانیی ڕاستەقینەدایە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن

٢٨ی خەرمانانی ١٣٩٥

١٨ی سێپتامبری ٢٠١٦

## دەستدرێژییەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان بەردەوامە

ڕێژیمی داگیرکەری ئیسلامیی ئێران، لە درێژەی دەستدرێژییەکانی خۆی‌دا، بۆ جاری چەندەم سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری تۆپباران کرد.
سەرلەبەیانیی ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٢٧ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی، بۆ چەندمین جار بنکە و پایەگا نیزامییەکانی ڕێژیمی تێرۆریستیی ئێران، ناوچە سنوورییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشووریان لە هەرێمی کوردستان تۆپباران کرد.
بەپێی ڕاپۆرتەکان، ڕێژیمی داگیرکەری ئێران ناوچەکانی بەربزین، سەقەر و قۆچی ئاجەری تۆپباران کردووە.
هەروەها بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، تۆپبارانی خاکی هەرێمی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە تا ئێستا بەردەوامە و وێڕای ئەو زیانانەی لە زەوی و زاری خەڵکی ئەو ناوچەیە کەوتووە، هیچ خەسارێکی گیانیی بەدواوە نەبووە.
ڕێژیمی تێرۆریستیی ئێران ئەمساڵ چەندین جار ئەو ناوچانەی تۆپباران کردووە و ڕێژیم هەر ئەو کاتەش هەڕەشەی درێژەی تۆپبارانەکانی کرد.

## پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە بۆکان هێرشیان کردە سەر دوو پایەگای ڕێژیم

پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بۆکان، هێرشیان کردە سەر دوو پایەگای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.
پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێوخۆی وڵات، لە درێژەی کار و چالاکییەکانیاندا، ڕۆژی سێ‌شەممە ١٦ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە دوو چالاکیی جیاجیادا، کاتژمێر ١٠:٣٠ خولەکی شەو، هێرشیان کردۆتە سەر هێزەکانی ڕێژیم لە پایەگای گوندی «سەرچنار» و لە چالاکییەکی هاوشێوەی دیکەشدا، کاتژمێر ١٢:١٠ خولەکی هەمان شەو، هێرشیان کردۆتە سەر هێزەکانی ڕێژیم لە پایەگای گوندی «ناچیت».

## مامۆستایانی قوتابخانەکانی پاوە پشتیوانیان لە حزووری پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات کرد

ژمارەیەک لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی شاری پاوە لە پەیامێکدا پێشوازییان لە حزووری پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێوخۆی وڵات کرد.
ژمارەیەک لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی شاری پاوە بە بڵاوکردنەوەی پەیامێک وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین لە هاتنەوەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ نێوخۆی وڵات، بە هەموو شێوەیەک پشتیوانیی خۆیان لە هێزی پێشمەرگە دەربڕی.
ئەو کۆمەڵە لە فەرهەنگیانی پاوە ڕایانگەیاندووە: پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بە حزووری بەهێزی خۆیان لە وڵاتدا جارێکی دیکە مۆری تەئیدیان لە سەر پووشینەبوونی ڕێژیمی ئێران و بێ‌هێزیی بەکرێگیراوانی لە بەرانبەر هێزی پتەو و قایمی پێشمەرگە دا.
هەروەها لەو پەیامەدا داوایان لە خەڵکی ئەو شارە کردووە کە لە هەرچەشنە هاوکارییەک لەگەڵ پێشمەرگەکان خۆ نەبوێرن.
لە دوای ڕاسانی نوێ لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێشمەرگەکان لە نێوخۆی وڵات بە شێوەیەکی بەرین لە ناو خەڵکدا حزووریان پەیدا کرد.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامانج لەو حزوورەی پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵاتی بە پێوەندی گرتن لەگەڵ خەڵکی کوردستان و ڕێکخستن و چالاکیی سیاسی و مەدەنی ڕاگەیاندووە.
لە دوای حزووری پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هێزەکانی سپای تێرۆریستی پاسداران هێرشیان کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە و لە ئاکامدا شەڕ و تێکهەڵچوونی قورس ڕووی دا.
لەو شەڕ و تێکهەڵچوونانەدا، دەیان کەس لە هێزەکانی سپای تێرۆریستی پاسداران کوژران و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیش لە دانی ئامارێکی فەرمی لە کوژراوەکانی خۆ دەبوێرت.

## ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوەی ترامپ پشتیوانیی لە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران کرد

پرۆفسۆر وەلید فارێس، ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوەی دۆناڵد ترامپ، کاندیدی هەڵبژێردراوی حیزبی کۆماریخوازەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ساڵی ٢٠١٦ی ئامریکا، پشتیوانیی لە خەباتی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد.
پرۆفسۆر وەلید فارێس، ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوەی دۆناڵد ترامپ، بە بڵاوکردنەوەی ستاتووسێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، جارێکی دیکە وتەکانی بەڕێز مستەفا هیجری بڵاو کردۆتەوە.
ناوبراو نووسیویەتی: مستەفا هیجری، ڕێبەری کوردەکانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەڵ «العربیە» وتوویەتی کە؛ کوردەکان لە ئێران خوازیاری خودموختاری لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدراڵ، هاوشێوەی کوردەکانی عێراقن.
سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێ: ئێمە خوازیاری ژیان لە وڵاتێکی فیدراڵین، بەڵام ئەم ڕێژیمە ڕێژیمێکی سەرکوتکەرە و بۆ گەیشتن بەم ئامانجەمان بە هاوکاری کردن لەگەڵ نەتەوەکان و ئۆپۆزسیۆنی ئێران دەتوانین ئەم ڕێژیمە بگۆڕین.
ناوبراو لە زاری مستەفا هیجرییەوە پێداگری دەکات کە؛ ڕووحانی هیچ هێزێکی نیە و دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە بەردەست سپای پاسداران و خامنەیی‌دایە.
پێشتریش وەلید فارێس ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوەی دۆناڵد ترامپ، لە وتووێژێکدا لەگەڵ «دەیلی کالێر» باسی لە سیاسەتە گرینگەکانی ترامپ کردبوو و وتبووی: گرینگترین سیاسەتەکانی ترامپ بریتین لە بەرپەرچدانەوەی بەرنامە ناوکییەکانی کۆرەی باکور، بەرهەڵست بوونەوەی هەڕەشەکانی ئێران و خەبات لەدژی هەڕەشەی لایەنە توندڕەوە ئیسلامییەکان.

## حیزبی یەکیەتیی کوردیی لە سووریە سەردانی حیزبی دێموکراتی کرد

هەیئەتێکی یەکیەتیی کوردیی لە سووریە، لە دیدار لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بارودۆخی کوردی لەو بەشەی کوردستان تاوتوێ کرد.
ڕۆژی سێ‌شەممە ڕێکەوتی ١٦ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی یەکیەتیی کوردیی لە سووریە بە سەرپەرەستیی »حەسەن ساڵح« جێگری سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە و ژمارەیەک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی «حەسەن شەرەفی» جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، پێشوازییان لێکرا.
لەو دانیشتنەدا حەسەن ساڵح لەسەر بارودۆخی کورد لە ڕۆژئاوا، خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی کورد لەو بەشەی کوردستان و ئەو کۆسپ و ئاستەنگانەی لەگەڵی بەرەوڕوون قسەی کرد، و ڕوانینی خۆیانی لەسەر شێوەی چارەسەریی کێشەکان و مێکانیزمی پێکەوە کارکردنیان لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، باس کرد.
ساڵح لە قسەکانیدا گوتی؛ لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد لە ڕۆژئاوادا سپاسی هەڵوێستە سیاسی و نەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین.
دواتر حەسەن شەرەفی لە پێوەندی لەگەڵ خەباتی کورد بە گشتی و زەروورەتی سیاسی بۆ هاوکاری و هاو خەباتیی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد، گرینگیی هاوکاری و یەکتر خوێندنەوە و بە تایبەت پێکەوە کارکردنی هاوڕێیانی کورد لە ڕۆژئاوا، و هەوڵدان بۆ لابردنی ئاستەنگەکانیان لەگەڵ PYD باسی کرد، بۆ ئەوەی بتوانن بە سیاسەتێکی یەکگرتوانە لەو بارودۆخە سیاسییە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئارادایە بگەن، و گوتیشی؛ پرسی کورد فاکتەرێکی کاریگەرە بۆ بە ئامانج گەیاندنی سیاسی و نەتەوەیی ئەو گەلە.
لە کۆتایی ئەو دیدارەدا دوو لایەن لە سەر پێوەندییەکانیان جەختیان کردەوە.

## هاودەردی و پرسەنامەی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی شەهیدبوونی ٢ پێشمەرگە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی شەهیدبوونی ٢ پێشمەرگەی هاوڕێیانی پێشوو، هاودەردی و پرسەنامەیەکی بڵاو کردەوە.
دەقی پرسەنامەکە:
هاودەردی و پرسەنامە؛
بەپێی هەواڵی گەیشتوو و ڕاگەیەندراوێک کە لە لایەن هاوڕێیانی پێشوومانەوە بڵاو کرایەوە، ئێوارەی ڕۆژی سێ‌شەممە ڕێکەوتی ١٦ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی، بەرانبەر بە ٦ی سێپتامبری٢٠١٦ی زایینی، تیمێک لە کادر و پێشمەرگەکانی ئەو هاوڕێیانە کە لە ناوچەی سەردەشت لە حاڵی جەولەدا بوون، لە ناوچەی بولفەت لە نێوان گوندەکانی کانی زەرد، وەردێ و گڵکەند لەگەڵ تەڵەی ئینفجاری و کەمینی هێزە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەوڕوو بوون، کە بەداخەوە لە ئاکامی ئەو تەقینەوەدا ٢ پێشمەرگە بە ناوەکانی «ئازاد ئاڵی و ئەمیر قادریان» شەهید بوون.
لەو پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاوخەمیی خۆی لەگەڵ هاوڕێیانیان و بنەماڵەی ئەو شەهیدانە دەردەبڕێ و کردەوەی جینایەتکارانە و تێرۆریستیی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران مەحکووم دەکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتاریا
١٧ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی
٧ی سێپتامبری ٢٠١٦ی زایینی

## حیزبی دێموکرات درۆ وەپاڵدراوەکانی ڕێژیم لەسەر خۆی ڕەت دەکاتەوە

حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران بانگەشەی درۆیینی ڕێژیمی ئێران لەمەڕ ئەوەیکە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات تەقەیان لە کۆڵبەران کردبێت ڕەت دەکاتەوە.
ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٦ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی، هێزە دژە گەلییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە بەرزاییەکانی دالانپەڕ تەقەیان لە کاروانی کۆڵبەرانی کورد کرد و دوو کۆڵبەری کورد لە ئەنجامی ئەو تەقە ڕاستەوخۆیەی هێزەکانی ڕێژیم گیانیان لەدەست دا.
لە ئەنجامی ئەو تەقە ڕاستەوخۆیەی هێزەکانی ڕێژیم، کۆڵبەرێک بە ناوی لەزگین شەعبانی خەڵکی کۆڵەبیی مەرگەوەڕ گیانی لەدەست دا.
دوای کوژرانی ئەو کۆڵبەرە کوردە بە دەست هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئێران، بەرپرسانی ناوچەیی ڕێژیم ڕایانگەیاند کە؛ ئەو کۆڵبەرە کوردە بە تەقەی کەسانی نەناسراو کوژراوە.
دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژ، بەرپرسانی ڕێژیم بە بنەماڵەی لەزگین شەعبانی، کۆڵبەری کوژراو ڕادەگەیەنین کە کوڕەکەتان لە لایەن پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتەوە کوژراوە و ئێوە بە بنەماڵەی شەهیدی خۆمان دەزانین و ئەو ئیمتیازاتەی کە بنەماڵەی شەهیدی ئێمە دەگرێتەوە، بنەماڵەی ئێوەش دەگرێتەوە.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای وەدرۆخستنەوەی ئەو بانگەشەیەی بەرپرسانی ڕێژیم، بە هەموو لایەک ڕادەگەینێت کە؛ بە هیچ شێوەیەک پێشمەرگەکان دەستیان لەو کردەوە دزێوەدا نەبووە و لە کاتی خۆیشی‌دا، لە ڕێگای ڕاگەیەنەکانی خۆیەوە ئەم جینایەتەی ڕێژیمی مەحکووم کردووە.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کوشتنی کۆڵبەران بە سیاسەتی فەرمیی ڕێژیم لە ڕەوتی دژایەتی گەلی کورددا دەزانێت، و چەندین جار داوای لە کۆڕ و کۆمەڵە بەشەر دۆستەکان کردووە سنوورێک بۆ ئەو تاوانانەی ڕێژیم دابنرێت.

## میلیتاریزەکردنی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی داگیرکەرەوە بەردەوامە

هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە درێژەی میلیتاریزەکردنی شارەکانی کوردستان، لە شاری شنۆ دەستی بە جێگیرکردنی هێزی زیاتر کردووە.
ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی، ڕێژیمی داگیرکەری ئێران هێزی سەربازیی بەرچاوی ڕەوانەی شاری شنۆ و دەوروبەری کردووە.
هەر هەمان ڕۆژ لە نزیک گوندی ئاڵیاوێ لە سەر جادەی نەغەدە ـ شنۆ، تەئمینی جادەیان داناوە و هەروەها هێزێکی زۆریان لەو شارە جێگیر کردووە.
هەر بەپێی ئەو ڕاپورتە لە شاری پیرانشار و نەغەدەش هێلیکۆپتێرەکانی ڕێژیم بەردەوام بە مەبەستی شناسایی کردن لە جموجوڵ دان و بۆ ماوەی دوو ڕۆژە ئەو ڕەوشە بەردەوامە.
لەو پێوەندییەدا، لە شاری سەقز ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی، ڕێژیم هێزی سەربازی و چەکوچۆڵێکی زۆری ڕەوانەی شاری بانە کردووە.
پاش ڕاگەیاندنی پەیامی نەورۆزیی حیزبی دێموکرات لە لایەن مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە مەبەستی دەسپێکردنەوەی خەبات نوێ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، و ناردنەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ نێو خۆی وڵات و گرێدانی خەباتی شاخ و شار، هێزەکانی سپای پاسداران لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان کەوتوونەتە ئامادەباشییەوە.

## عەدنان حەسەنپوور ئازاد کرا

عەدنان حەسەنپوور، کۆنترین ڕۆژنامەنووسی زیندانیی ئێران، پاش ١٠ ساڵ زیندانی بوون لە زیندانەکانی ڕێژیمی ئێراندا، ئازاد کرا.
هەواڵی ئازادکرانی عەدنان حەسەنپوور لە لایەن بنەماڵەکەیەوە پشتڕاست کراوەتەوە.
عەدنان حەسەنپوور ڕێکەوتی ٥ی ڕێبەندانی ١٣٨٥ی هەتاوی دەستبەسەر و پاش چەند مانگ ڕاگیران لە ژووری تاکەکەسیی دەستبەسەرگەی ئیدارەی ئیتلاعات، ڕێکەوتی ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٨٦ لە دادگای ئینقلابی شارستانی مەریوان بە شێوەی نهێنی دادگایی و بە تۆمەتی ‹›هەوڵدان دژی تەناهیی نەتەوەیی و موحاربە›› بە ئێعدام مەحکووم کرا. ئەو حوکمە پاش سێ مانگ لە لقی ٣٢ی دیوانی باڵای وڵات تەیید کرا و لە کۆتاییدا بە داخوازیی دادگایی دووبارە لەلایەن ساڵح نیکبەخت و سیروان هووشمەندی، پارێزەرانی عەدنان حەسەنپوور، حوکمەکەی هەڵوەشایەوە.
دواتر عەدنان حەسەنپوور لە دوو دادگاییدا لە ڕێکەوتی ١٦ خەرمانان و ١١ی ڕێبەندانی ١٣٨٧ کە دیسانەوە بە شێوەی نهێنی بەڕێوەچوو، سزای ٣١ ساڵ زیندانی تەعزیریی بەسەردا سەپا، بەڵام ئەو حوکمەش لەگەڵ نارەزایەتیی توندی داواگەرەکانی بەرەوڕوو بووەوە و لە دادگای پێداچوونەوە بۆ ١٥ ساڵ زیندانی تەعزیری کەم کرایەوە.

## فەرماندەی سپای تێرۆریستی پاسدارانی نەغەدە هێرشی کردە سەر حیزبی دێموکرات

پاسداری تێرۆریست، سەرهەنگ ئەمیر ئەکبەری لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ مەلا سوننە و شیعە مەزهەبەکانی شاری نەغەدە، هێرشی کردە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.
ڕۆژی سێ‌شەممە ڕێکەوتی ٢٣ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی، پاسداری جینایەتکار ئەمیر ئەکبەری لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ مەلا سوونە و شیعە مەزهەبەکان، باسی لەوە کردووە کە؛ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هۆکاری نائەمنی لە ناوچەکەدایە و بە زمانێکی دڕندانە دژی حیزبی دێموکرات لێدوانی داوە.
ناوبراو لەو کۆبوونەوەیەدا باسی لەوە کردووە کە؛ وڵاتانی ئامریکا، عەرەبستانی سعوودی و ئیسرائیل بە پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەیانهەوێ نائەمنی و بشێوی لە ناوچەکەدا دروست بکەن و گەلێک تۆمەتی ناڕەوای دیکەش وەپاڵ حیزبی دێموکرات دەدات.
ئەو پاسدارە تێرۆریستەی ڕێژیم هەروەها لە قسە پووچەکانی خۆیدا باس لەوە دەکات کە؛ گۆیا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پارەی ئامریکا و ئیسرائیل دەیهەوێ نائەمنی لە ناوچەکەدا دروست بکات.
پاسداری تێرۆریست ئەکبەری هەروەها باس لەوە دەکات کە؛ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی کرێکارانی کوردستان لەژێر ئاڵای ئامریکادا دژی ڕێژیمی ئێران شەڕ دەکەن.
ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسە چەواشەکارییەکانیدا دەڵێت؛ دوژمنیی ئامریکا لەگەڵ موسڵمانانی جیهان تا ئەبەد درێژەی هەیە و بەرپرسانی سعوودییش ناتوانن بەڕێوەبەریماڵی خودا بن، و بەڕێوەبەریی ماڵی خوداش کەوتووەتە دەستی کۆمەڵێک نەزان و منداڵکوژ.
لە دوای دەسپێکی قۆناغی نوێی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و چەندین شەڕ و دەرگیریی هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵ سپای تێرۆریستی پاسداران، ڕێژیمی ئێران ترسێکی زۆری لێ نیشتووە و بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە بە هەر شێوەیەک لە هەوڵی کەمبایەخ پیشاندانی ئەو خەباتە نوێیەی حیزبی دێموکراتدان.

## مستەفا هیجری:

# حیزبی دێموکرات بە بڕیاری خۆی تێدەکۆشێ

**ماڵپەڕی ئاوێنە وتووێژێکی لەگەڵ مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێناوە و ناوبراو لەو وتووێژەدا باس لەوە دەکات کە؛ «ئەگەر پارتی، یان یەکیەتی، یان هەر هێزێکی کورد لە خەباتی بەشێکی کوردستاندا یارمەتی بدات، بە بۆچوونی من ئەوە سەروەرییە بۆ ئەو لایەنە».**

**بە مەبەستی نزیک بوونەوەی خوێنەران و ڕای گشتی لە ناوەڕۆکی «ڕاسان»ی حیزب و ڕەهەندەکانی لە زاری سکرتێری گشتیی ئەو حیزبەوە، دەقی تەواوی وتووێژەکە بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەکەمان بڵاو دەکەینەوە.**



**ئێمە لەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران خەبات دەکەین، بەپێی توانا و ئیمکاناتی خۆمان، ئایا ئەو خەباتەی کە ئێمە دەیکەین، لە بەرژەوەندیی سیاسەتی پارتی، یان یەکیەتییە ئەوە بۆ ئێمە گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە ئێمە بە بڕیاری خۆمان کارەکانمان دەبەینە پێش**

**ئاوێنە: بەڕێزت زمانی عەرەبی دەزانیت؟**

**مستەفا هیجری:** دەیخوێنمەوە، بەڵام لەقسەکردندا زۆر خراپم، ڕاستە لە ئێران، کاتی خوێندن عەرەبیمان وانەی عەرەبیمان هەبوو، بەڵام قسەمان پێنەدەکرد، بۆیە فێری قسەکردن نەبووین.

**ئاوێنە: کەواتە کاتێک لەگەڵ وەفدی عەرەبستانی سعوودی دانیشتوون، چۆن قسەت کردووە؟**

**مستەفا هیجری:** من نە لەگەڵ وەفدی عەرەبستانی سعوودی، نە لەگەڵ وەفدی هیچ وڵاتێکیتر دانەنیشتووم، ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکاندا باس دەکرێت سازکراوە، لەلایەن هەندێك کەس و لایەنەوە ئەو هەواڵانە سازکراون کە دەیانهەوێت بایەخی کار و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و خەباتی کورد لە خۆرهەڵات کەم بکەنەوە و وەهای نیشان بدەن کە کار و تێکۆشانەکانی حیزبی دێموکرات بەتایبەتی لەم یەک دوو ساڵەی ڕابردوودا، کاریگەریی لایەنێکی دیکەی لەسەرە، کە ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر باس لەعەرەبستانی سعوودی دەکات، پێش ئەو ڕووداوانەش هەمیشە کۆماری ئیسلامی باسی لەوە کردووە، کە ئێمە سەر بەئامریکا و ئیسرائیلن، یان هەر لایەنێک کە بە خەیاڵ بە دوژمنی خۆی دەزانێت، ئێمە دەبەستێتەوە بەو دوژمنایەتییەوە، دەنا سەرجەم بەرنامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، جا باش بێت یان خراپ، ئیرادەی خودی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و لەسەر ویست و داخوازی زۆربەی خەڵکی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بەڕێوە دەچێت، جا هەر لایەنێک پێی خۆش بوویێت، یان پێی ناخۆش بوویێت، هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئیرادە و بڕیاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەکردووە.

**ئاوێنە: باس لەکۆبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ عەرەبستانی سعوودی و تورکیە و پارتی دەکرێت لە هەولێر، تەنانەت باس لەوە دەکرێت، کە دانیشتنەکانی ئێوە هاوکات بووە لەگەڵ هێرشی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ سەر پایەگاکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران؟**

**مستەفا هیجری:** ئەو قسانە سەرجەمیان دروستکراون، تەنانەت ئەو بەرنامەیەی کە ئێستا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێوخۆی وڵات بەڕێوەی دەبات، بڕیارێک نییە کە ئێستا درابێت، بەڵکوو لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٥ەوە ئەو بڕیارە دراوە کە حیزبی دێموکرات پێشمەرگەکانی بنێرێتەوە بۆ نێوخۆی وڵات، دیارە بەشێکیان گەڕاونەتەوە، بڕیارەکەمان ئەوەبووە کە؛ ئەگەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرش نەکەنە سەر پێشمەرگەکان، پێشمەرگەکانیش هێرش ناکەنە سەریان، بۆ نموونە ساڵی پار تێکهەڵچوونێک ڕووی نەدا، ئەمساڵیش لە درێژەی ئەو بەرنامەیەدا پێشمەرگەکان لە جەولەدا بوون، کۆماری ئیسلامی هێرشی کردە سەریان، پێشمەرگەش بەرگری کردووە، سەرەنجام ئەو شەڕ و تێکهەڵچوونانە ڕوویاندا، ئەوەش پەیوەندی بەهیچ کەسێک، نە لە کوردستانی عێراق، نە لە دەرەوەی کوردستانی عێراق نەبووە.

**ئاوێنە: ئەگەر وایە، بۆچی ئێستا ئەو پرسیارانە دەوروژێنرێت، کە کۆبوونەوەتان بووە لەگەڵ ئەو هێزانە، گوایە ئەو شەڕانە پەیوەندی هەیە بەململانێکانی عەرەبستانی سعوودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران لەناوچەکەدا، لەهەمانکاتدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن عەرەبستانی سعوودی و تورکیەوە، وەکو کارتێکی فشار لەسەر کۆماری ئیسلامی بەکارهاتووە؟**

**مستەفا هیجری:** ڕەنگە بەشێکی بگەڕێتەوە بۆئەوەی کە لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا دەستێوەردان هەیە لەلایەن وڵاتانی زلهێزی ناوچەکە و دەرەوە، هەموویان خەریکی جۆرێک لەشەڕن کە لەجیاتی شوێنێکی دیکە تێوەی گلاون، لەلایەن گرووپ و دەستە و حیزبەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، ڕەنگە بۆچوونەکە لەوەوە سەرچاوە بگرێت، کە ئەو حەرەکەتەی حیزبی دێموکراتیش لە پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتێکی وەهادا بێت، بۆ نموونە عەرەبستانی سعوودی کە نێوانیان لەگەڵ ئێران ناخۆشە بەڕێوەی دەبات. وەك ئاماژەم پێ دا، سەرجەمیان هەڵبەستراوە و بنچینەکەی لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دروستبووە، لەلایەن ئەوانەوە بڵاو بووەتەوە، ڕەنگە هەندێک هێزیش باوەڕیان بەوە کردبێت.

**ئاوێنە: مەبەستت لەکام هێزانەیە؟**

**مستەفا هیجری:** وەکوو ئەو هێزانەی لەکوردستانی عێراق دابەشبوون، بەشێکیان خۆی بە نزیکی تورکیە دەزانێت، بەشێک خۆی بەنزیکی ئێران دەزانێت، لەئەنجامدا ئەوانەی خۆیان بەنزیکی ئێران دەزانن، زۆرتر باوەڕیان بەو قسانە کردووە.

**ئاوێنە: مەبەستت یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕانە؟**

**مستەفا هیجری:** ئەوانە و کۆمەڵێک کەس و لایەنی تریش، وەکوو یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی، کە لەواقیعدا دەیانهەوێت جوولەکە بخەنە پاڵ پارتی، چوونکە بۆخۆیان لەگەڵ پارتی نارێکن و ناسازێن، بۆیە هەر یەکێکیان دەیهەوێت قسەساز بکات لەدژی ئەویتر، لەهەمانکاتدا پێویستە ئەوە بڵێم ئەگەر پارتی، یان یەکیەتی، یان هەر هێزێکی کورد لەخەباتی بەشێکی کوردستاندا یارمەتی بدات، بە بۆچوونی من ئەوە سەروەرییە بۆ ئەو لایەنە، نەك خاڵێکی لاواز بێت. بەپێچەوانەوە ئەوە ئەرکی کوردە لەهەموو بەشەکاندا، هەرچەندە هەتا ئەم ساتە هیچ کام لەو هێزانە بە(یەکیەتی، پارتی و هتد)ەوە، هیچ یارمەتییەکی ئێمەیان نەداوە.

**ئاوێنە: واتە ئەو سەروەرییەیان بۆ خۆیان تۆمار نەکردوە؟**

**مستەفا هیجری:** بەداخەوە بە بۆچوونی من تۆماریان نەکردووە، ئێمە لە مێژوودا شاهێدی ئەو خاڵە بەرجەستانە بووین، بۆ نموونە ئەو کاتەی کە یەکیەتیی نیشتمانی وەکوو هێزی پشتیوان یارمەتیی حیزبی دێموکراتی دا لەدژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی، پێموایە ئەوە لە مێژووی جوولانەوەی کورددا، وەکو خاڵێکی زۆر درەوشاوە دەمێنێتەوە، حەزم دەکرد ئەو خاڵانە زۆر بوونایە، هیوام دەخواست پارتی و یەکیەتی و حکوومەتی هەرێم بەگشتی یارمەتیدەری حیزبی دێموکرات بوونایە لەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەکاتێکدا کۆماری ئیسلامی تەنها دژی حیزبی دێموکرات و جوولانەوەی کورد لەخۆرهەڵات نییە، بەڵکوو دژی جوولانەوەی کوردە لەهەموو جێگەیەکی دونیادا، دژی دێموکراسی و ئازادییە، لەبەرئەوە، من بەشانازی دەزانم کە هێزێکی کوردی لەو هەلومەرجەدا یارمەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بدات لەخەباتەکەیدا. ئێمە جەولەیەکمان دەستپێکردووە لەگەڵ هێزەکانی باشوور، لەگەڵ چەند لایەن دانیشتنمان هەبووە، ئەو بابەتانەمان ڕوون کردووەتەوە، وەڵامی پرسیارەکانمان داوەتەوە، بڕیارە دانیشتن لەگەڵ چەند لایەنێکی‌تریش بکرێت، داوامان لەهەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور کردووە بۆ دانیشتن، لەکاتێکدا لەگەڵ زۆریان دانیشتنمان کردووە و لەداهاتوشدا بەردەوام دەبێت.

**ئاوێنە: بۆچی چالاکییەکانی ئەم دەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پێشمەرگەکانی کەوتە مانگی حوزەیرانەوە، مەبەستم ئەوەیە کە ئەوکاتە چالاکییەکانتان زۆر چڕ کردەوە، بۆچوونێک هەیە کە ئەوە هاوکاتە لەگەڵ ئەو هێرشانەی، کە حەرەکەی عەدل لەناوچەی ئەهواز و بەلووچستان بەپشتیوانیی پاکستان و عەرەبستانی سعوودی کردویانەتە سەر بارەگاکانی کۆماری ئیسلامی؟**

**مستەفا هیجری:** ئەو حەرەکەتانەی کە لەناوچەکانی بەلووچستان و ئەهواز هەیە، حەرەکەتێکی زۆر ڕێکوپێک نییە، حەرەکەتی نهێنی و ژێربەژێر دەکرێتە سەر بنکەیەک، یان کەسێک لە کەسایەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و تیرۆر دەکرێت، ئێمە لەگەڵ هەندێک لە ڕێکخراوەکانی بەلووچ لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ هاوپەیمانین، بەڵام هیچ هەماهەنگییەك نەبووە لە نێوانماندا بۆ بەرنامەی عەسکەری، ئەوەی کە ڕوویداوە، بەو شێوەیەی کە تۆ ئاماژەت پێکرد، شتێکی بە ڕێکەوت بوو.

**ئاوێنە: گوایە ئێوە چەکتان لە پارتی دێموکراتی کوردستان وەرگرتووە، واتە پارتی حیزبی ئێوە دەجوڵێنێت، ئایا پارتی ئەوەندە ئیمکانی هەیە حیزبی دێموکرات بجووڵێنێت؟**

**مستەفا هیجری:** من پێموایە ئەو کەسانەی کە ئاگاداری مێژووی حیزبی دێموکراتن، باش دەزانن حیزبی دێموکرات ئەو هێزە نییە، کە لایەنێک بیجوولێنێت، ڕەنگە ئێمە لە داهاتوودا، لەدرێژەی ئەو جەوڵەیەدا هاوپەیمان پەیدابکەین و یارمەتیشمان بدەن، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە، حیزبی دێموکرات لایەنێک دەیجووڵێنێت و شەڕ یان ئاشتیی پێ‌دەکات، ئەوەی کە حیزبی دێموکرات دەیکات بڕیاری خۆیەتی لە ڕوی لێکدانەوەی خۆیەوە، ڕەنگە ڕۆژێک هەڵەبکات، بەڵام بڕیاری خۆی بەڕێوەدەبات.

**ئاوێنە: باشە بۆچی هێندە فۆکوس دەخرێتە سەر ئەو پەیوەندییەی ئێوە و پارتی دێموکراتی کوردستان، ئایا شتێکی ئاسایی نییە، ئەگەر پەیوەندیتان هەبێت، یان بۆچی هێندە گەورە دەکرێتەوە؟**

**مستەفا هیجری:** ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ پارتی دێموکراتی کوردستان هەیە، بەهەمان شێوەی ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ یەکیەتی نیشتمانی و گۆڕان هەمانە، بەڵام کێشەیەک کە لێرەدا هەیە، کێشەی نێوان ڕێکخراوەکانی کوردی باشوورە، کە تاوانەکەی دەکەوێتە ئەستۆی ئێمە و هەموو خەڵکی کورد، تەنانەت بەو کوردانەی کە لە نێوخۆی باشووری کوردستان و لە دەرەوەن، بۆیە ئەگەر لایەنێک ئەو گومانە دروست بکات، کە پارتی دێموکرات ئەو کارە دەکات، لایەنەکەی دیکە بەبێ ئەوەی زۆر بیربکاتەوە، تۆمەتبار کردنەکە قبوڵ دەکات، بەپێچەوانەشی ڕاستە، واتە بە بۆچوونی من، بۆچوونی خەڵکی کورد لە باشوور، لە ڕوی واقیع و لێکدانەوەوە نییە، بەڵکوو زیاتر لە ڕووی دەستەبەندی و گرووپ بەندییەکە، کە لەو ناوچەیەدا سازبووە، کە بووەتە هۆی تێکچوونی بارودۆخی باشووری کوردستان، هەروەها کاریگەریی نەرێنی خۆی لەسەر هێزەکانی دیکەی کورد لە بەشەکانی دیکەشدا داناوە.

**ئاوێنە: ئایا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەست ناکات بەجۆرێک لە جۆرەکان دەبێتە بەشێک لەململانێی نێوان هێزەکانی باشوور، یان بەجۆرێک لە جۆرەکان لەو ململانێیە تێوەدەگلێنرێت؟**

**مستەفا هیجری:** ئێمە بەشێک لە هیچ لایەنێک نین، بەڵام ڕەنگە قسەیەک، بڕیارێک یان کردەوەیەکمان لە بەرژەوەندیی لایەنێکدا بێت، ئەوەش مانای ئەوە نییە، کە ئێمە لەگەڵ ئەو لایەنەین، ئێمە لەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران خەبات دەکەین، بەپێی توانا و ئیمکاناتی خۆمان، ئایا ئەو خەباتەی کە ئێمە دەیکەین، لە بەرژەوەندیی سیاسەتی پارتی، یان یەکیەتییە ئەوە بۆ ئێمە گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە ئێمە بە بڕیاری خۆمان کارەکانمان دەبەینە پێش.

**ئاوێنە: کەواتە لەو شەڕانە چیتان بەدەست هێنا، جگە لەوەی شەهیدێکی زۆرتان دا و گلەیی و ڕەخنەیەکی زۆرتان لێ کرا؟**

**مستەفا هیجری:** کاتێك هێزێک بڕیار دەدات بۆ خەبات، دەبێت ئامانجێکی زۆر بەرزی لەبەرچاو بێت و بۆ ئەو ئامانجانە هەوڵبدات، لە ڕاستای گەیشتن بەو ئامانجانەدا، بێگومان هەندێک پێیانخۆشە، هەندێک پێیاناخۆشە، هەندێک زەرەرمەند دەبن، هەندێک بەقازانجی دەزانن، بۆیە هەر کەسێک لەو ڕاستایەدا بیر و بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت، بەڵام بە بۆچوونی من، لەو بڕیارەدا کە حیزبی دێموکرات ماوەی دوو ساڵە جێبەجێی دەکات، دەسکەوتی سیاسی زۆر گەورەی بەدەستهێناوە. لەلایەک خەڵکی کورد لەکوردستانی ئێرانی لەو نائومێدییە هێناوەتە دەرەوە، پێشوازییەکی زۆر گەرم لەحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەیە، بە تایبەتی لە نێو گەنجەکاندا لە نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەروەها بەهاتنیان بۆ ڕیزی پێشمەرگایەتی، یارمەتیدەرێکی زۆری حیزبی دێموکرات بوون، ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو لەو پێشمەرگانەی کە پێشتر ڕۆیشتبوونە دەرەوە، گەڕاونەتەوە و هاتوونەتەوە ڕیزی پێشمەرگە، تەنانەت یەکێک لەوانەی کە گەڕابووەوە، لەناوچەی شنۆ شەهید بوو. ئەوە هێز و گڕ و تینێکی زۆر بەرچاوی داوە بەحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە نێوخۆ و لەدەرەوە خەڵکی ئومێدەوار کردووە.

لەلایەکی ترەوە پلانێکی کۆماری ئیسلامیمان پووچەڵ کردەوە، لەگەڵ ئەوەی ساڵەهایە باس لەوە دەکات کە؛ ئەوانە نەماون و هیچ کاریگەرییەکیان نییە لەئێراندا، نیشانماندان کە حیزبی دێموکرات هێشتا هەر هێزە، بانگەشەی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لەپەیوەندی لەگەڵ ئەوەدا، کە دەیهەوێت وا نیشان بدات، کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنها ئاگر و ئاسنی لێ دەبارێت و نائەمنە و ئێران بووەتە دورگەی ئارامی لەو نێوەدا، دەعوەتی کۆمپانیا گەورە و زەبەلاحەکانی دەکرد، تاکوو بێن و سەرمایەکانیان لە ئێراندا بەکاربهێنن، بۆ ئەوەی ئابوورییەکەی ببوژێتەوە، ئێمە ئەو پەیامەمان بەدونیا دا ، کە کۆماری ئیسلامی ئەو دورگە ئارامە نییە و بۆ سەرمایەگوزاری نابێت، ئەمنیەتی سەرمایەگوزاری لەو وڵاتەدا نییە، بۆ وڵاتانی ناوچەکەمان ڕوون کردەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو هێزە نییە، کە خۆی پێناسەی خۆی دەکات و کەس ناتوانێت لە سنورەکانی تێپەڕێت، کۆماری ئیسلامی ساڵەها بانگەواز دەکات کە سنوورەکانی وەها قایم کردووە و بە کەرەستەی ئێلێکتریکی و پایەگا، کە چۆڵەکە ناتوانێت لێی

درێژە لە لاپەڕەی ٥

# له شەڕی به وەکالەتەوە تا ئەگەری شەڕی ڕاستەوخۆی نێوان ئێران و عەرەبستان

ن: ئیبراهیم قاسمی زاد
و: سەلام ئیسماعیلپوور

سەرچاوەی ئاڵۆزییەکانی ئێستای نێوان ئێران و عەرەبستانی سعوودی (لانیکەم له ڕوانگەی ئایینییەوە) دەتوانین بڵێین دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی هاتنی ئیسلام له نیمچەدوورگەی عەرەبستانەوە بۆ نێو وڵاتێك که هەنووکه پێی دەگوترێ ئێران. ئاڵۆزییەك که له بەستێنی مێژوویی پێوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتەدا بنجی داکوتاوە، به گوێرەی کات و شوێن، له فۆرم و شێوازی جیاوازدا خۆی دەرخستووە و هێندێك جاریش تووشی داکشان بووە، بەڵام هەرگیز له نێو نەچووە. ناکۆکییەك که جارجار دەکرێ به هاوشێوەی شەڕێکی پڕووکێنەر له قەڵەم بدرێت و له هێندێك قۆناغدا بۆتە هۆی پچڕانی کاتیی پێوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە، هەنووکه له ئاستێکی بێ‌وێنەدا هەڵکشاوە و پێوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتەی لەگەڵ داخرانی تەواو بەرەوڕوو کردووە.

ئەو دوو وڵاتە سەرەڕای پێکدادانە ئیدئۆلۆژیك، ئایینی، تایفی و ئابوورییەکانی نێوانیان، له ماوەی ساڵانی ڕابردوودا شەڕێکی به وەکالەتیشیان له وڵاتانی شەڕلێداروی دراوسێیاندا هەڵگیرساندووە که بەردەوام پەرە دەستێنێت. پەرەسەندنی ئەو ئاڵۆزییانە له چەند حەوتووی ڕابردوودا بوو به هۆی پچڕانی تەواوی پێوەندییە سیاسییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە. به سەرنجدان به قووڵتربوونەوەی بارودۆخی قەیراناویی ناوچە و هێژمۆنیخوازیی تایفی و ئایینی، لەوانەیە له داهاتوویەکی نزیکدا ئەو دوو وڵاتە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی یەکتریش بکەنە ئامانج و له ئەنجامدا ئاگری شەڕێکی مەزن له ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵگیرسێنن.

ئێران زیاتر له سێ دەیەیە که له ڕاستای بەرنامەی خومەینی لەمەڕ هەناردەکردنی شۆڕشدا، به تێچووی دارایی و سامانی نیشتمانیی خەڵکی ئەو وڵاتە توانیویە کۆمەڵێك هاوپەیمانی ئایینی و تایفی له ناوچە و جیهاندا لەگەڵ خۆی بخات. ئەوە له کاتێکدایە که زیاتر له بیست میلیۆن ئێرانی له ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و زیاتر له پێنج میلیۆن کەس گیرۆدەی مادە هۆشبەرەکان بوونە. هەروەها ئاماری بێکاریی لاوان و جیابوونەوەی ڕوولەزیادبوونی ژن و مێرد و دارمانی بنەماڵەکان بەهۆی هەژاریی ئابووری، وڵاتی لەگەڵ قەیرانی قووڵی کۆمەڵایەتی بەرەوڕوو کردووە. ئەگەر له ڕوانگەی سیاسی و ئازادیی بیروباوەڕەکانەوە چاو لێبکەین، به هێنانەوەی نموونەیەکی ئاسایی دەتوانین ڕاستییەکان له پێوەندی لەگەڵ ئازادی له ئێراندا بەم شێوەیە بخەینە بەرباس:

ئەوانەی که ڕۆژگارێك پۆستی سەرکۆماری، سەروکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران یان سەرۆکایەتیی مەجلیسیان به دەستەوە بوو، هەنووکه بەهۆی ڕەخنەگرتن له کاروباری حکوومەت، دەرکەوتنی دیمەن و وێنەیان قەدەغە کراوە یان له خراپترین هەلومەرجدا له نێو ماڵی خۆیان بەند کراون. به سەرنجدان بەو باسانە، پێویست به هیچ جۆرە شیکردنەوەیەك لەمەڕ بارودۆخی جیابیران و نەیارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نیه.

له ڕەوتی کوشتنه زنجیرەییەکانی زانایانی ئایینزای سوننه له ئێراندا له نێوان ساڵەکانی ١٣٧٢ تا ١٣٨٠، زیاتر له حەفتا کەس له زانایانی ئەهلی سوننەت تووشی چارەنووسی سڕینەوەی جەستەیی یان ئیعدام کران. کۆماری ئیسلامی به کوشتنی مەلا موحەممەد ڕەبیعی، ئیمام جومعەی سوننەمەزهەبەکانی کرماشان به بیانووی ڕەخنەگرتنی ناوبراو له زنجیرە درامای تەلەڤیزیۆنیی ئیمام عەلی و بوونی دەیان نموونه لەم تیرۆرانه له هەنبانەی ڕەشی خۆیدا، هەنووکه به بیانووی ئیعدامی هاوڵاتییەکی شیعه له وڵاتێکی دراوسێدا بۆ جارێکی دیکەئاڵۆزی و بارگرژیی سیاسیی له ناوچەدا گەیاندۆته خاڵی تەقینەوە.

سەرەڕای ئاڵۆزییەکانی دوای ئیعدامی شێخ نمر ئەلنمر و چوار کەس له شیعەکان که به هۆی چالاکی دژ به ئاسایشی نیشتمانیی عەرەبستان ئیعدام کران، ئێران به شێوەیەکی ئاشکرا هەوڵ بۆ پەرەپێدانی ویلایەتی فەقیه و پێکهێنانی گرووپە حیزبوڵڵاییه تازەکان له ناوچەدا دەدات و له نێوخۆی وڵاتدا به ئاگرتێبەردانی باڵوێزخانه و کۆنسوولخانەی عەربستان، به کردەوە ئەو وڵاتە بەرەو شەڕێکی ڕاستەوخۆ پاڵ پێوە دەنێت.

> **ئێران به شێوەیەکی ئاشکرا هەوڵ بۆ پەرەپێدانی ویلایەتی فەقیه و پێکهێنانی گرووپە حیزبوڵڵاییه تازەکان له ناوچەدا دەدات و له نێوخۆی وڵاتدا به ئاگرتێبەردانی باڵوێزخانه و کۆنسوولخانەی عەربستان، به کردەوە ئەو وڵاتە بەرەو شەڕێکی ڕاستەوخۆ پاڵ پێوە دەنێت**

له کەس شاراوە نیه که گرینگیی ئیعدامی کەسێك که تا کاتی ئیعدامی، ناوێکی لێ نەبیسترابوو، زۆر کەمتر له ڕووداوی دەستدرێژی بۆ سەر لاوانی ئێرانی له فڕۆکەخانەی جەددە و کوژرانی سەدان کەس له حاجییه ئێرانییەکان بوو که تەنانەت ناڕەزایەتییەکی ئاسایی لێ نەکەوتەوە. به سەرنجدان به ئاڵوگۆڕە خێراکان له ناوچەدا و ڕووخانی سەدام حوسێن له لایەن ئەمریکاوە، هاوسەنگیی هێز له عێراقدا به قازانجی شیعەکانی هاوبیروباوەڕی ئێران گۆڕدرا. دەستێوەردانه ئاشکراکانی ئێران له هەموو وڵاتانی شەڕلێدراوی ناوچەدا له لایەکەوە و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی وەك حەشدی شەعبی له عێراق، حیزبوڵڵا له نیجریه و ... و له لایەکی دیکەوە ڕێککەوتن له سەر پرسی ئەتۆمی لەگەڵ ڕۆژئاوادا، به ڕواڵەت پێگەی ئێرانی له هاوکێشه ناوچەییەکاندا بەرز کردۆتەوە. هەر بۆیه دوور نیه که دەسەڵاتدارانی عەرەبستان تا ڕادەیەك خۆیان له حاڵەتی تەریککەوتوویيدا ببینن و بیانهەوێ تەڕاتێنی نوێی ئێران له ناوچەدا به قازانجی بەرژەوەندییه ئیستراتژیکەکانی خۆیان بقۆزنەوە. ترسی عەرەبستان له پرۆژەی هیلالی شیعه که ساڵی ٢٠٠٤ له لایەن «مەلیك عەبدوڵڵا» شای ئۆردۆنەوە کەوتە بەر باس و به هۆی هەوڵەکانی ئێران هەنووکه به کردەوە دەبینرێت، هەروەها نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتووی عەرەبە سوننەکان، بوو به هۆی ئەوەی که ئەو وڵاتە بۆ پێشگرتن به هەوڵه توندئاژۆیانەکانی ئێران، هاوپەیمانییەك له وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی پێك بهێنێت که له داهاتوودا دەتوانێ بۆ ئێران کێشەخولقێن و لەوانەیە مەترسیداریش بێت.

دوور نیه که ئامانجی عەرەبستان له پێکهێنانی هاوپەیمانی و گرتنەبەری ڕێوشوێنه ئەمنییه تازەکان له ناوچەدا، سەرەتا وەڵامدانەوە بۆ سیاسەتی نادروستی ڕۆژئاوا و ئەمریکا بەرانبەر به ئێران و چاوپۆشیکردنیان له دەستدرێژی، پێشێلکاری و شەڕەنگێزییەکانی ئەو ڕێژیمه له ناوچە و وڵاتانی دراوسێدا و به تایبەتی هاوکاریکردن لەگەڵ ئەو ڕێژیمه له بەرەکانی بەناو شەڕ دژ به ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش له عێراقدا بێت، بەڵام نابێ ململانێ و هەوڵەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییه ئابوورییەکان له ناوچەی قەیرانلێداوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا له بەرچاو نەگرین. هەر چۆنێك بێت، عەرەبستان مەسەلەی خۆئامادەکردن بۆ وەڵامدانەوە به هەر جۆرە هەڵسوکەوت و جووڵەیەك له ناوچەدا له لایەن ئێرانەوە، له بەرچاو دەگرێت و ئەوەش بۆ خۆی دەتوانێ ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی نێوان ئەو دوو وڵاتە زیاتر بکات.

وڵاته ئیسلامییەکان و له سەرەوەی هەموویانەوە ئێران و عەرەبستان هەنووکه له بارودۆخێکدان که ئورووپا له سەدەی حەڤدەهەمی زایینی و پاشان له ڕوتی شەڕە جیهانییەکانی یەکەم و دووەمدا تێی کەوتبوو که لەو سەردەمانەدا هێزەکان به پێداگری لەسەر چارەسەری پرسەکان له ڕێگەی سەربازی، شەڕ و خوێنڕشتن، دەستێوەردان له کاروباری نێوخۆیی وڵاتاندا و هەڵگیرساندنی شەڕی به وەکالەت، تایفی و ئایینییەوە، هەوڵیان دەدا هاوسەنگیی هێز پێك بهێنن، بەڵام وڵاته ئورووپاییەکان به تێپەڕبوونی کات تێگەیشتن که تاقه ڕێگای ڕزگاربوون لەو دۆخه قەیراناوییه، پێکهێنانی ئاسایشێکی هاوبەش له سەر بنەمای پاراستنی مافەکانی هەموو کەمینەکان، نەتەوەکان، ڕەنگەکان، پێکهاته ئیتنیکی، ئایینی و نەتەوەییەکانه، به جۆرێك که ئەوانیش کێبڕکێی سەربازیی کاولکارانەی نێوان خۆیان وه لا بنێن و جێگاکەی بدەن به کێبڕکێیەکی تەندروست له بواره فەرهەنگی، ئابووری و دیپلۆماتیکەکاندا، بەڵام به بوونی ڕێژیمێکی وەك کۆماری ئیسلامی له ئێران و جیهان و ناوچەدا، ئەو ئەگەره دەبێتە خەون و خەیاڵێکی بێ بنەما.




---

درێژەی لاپەڕەی ٤

تێپەڕێت، ئێمە نیشانماندا که دەتوانین له سنورەکانی تێپەڕین و دەتوانین بچین له قووڵایی خاکی کوردستاندا، دژی هێزەکانی ڕژێم خەبات بکەین، تەنانەت فەرماندەی زۆر باڵای سپای پاسداران لەو تێکهەڵچوونانەدا کوژرا، ژمارەیەکی زۆر له ئەندامی سپای پاسداران کوژران، واتا ئێمە هەموو تەون و بەستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانمان پوچەڵ کردەوە، بەجۆرێک که کۆماری ئیسلامی چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد، بۆیه له فەرماندەکانی هەرە سەرەوەی سپای پاسدارانەوە، هەتا وتارخوێنەکانی نوێژی هەینی، باسیان لەو مەسەلەیه کردووە، وەزیری بەرگری بانگ کرا بۆ پەرلەمان و دەستەکەی ئاشکرا کرا، ئەوانه دەستکەوتێکی زۆر گەورەن بۆ حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد لەکوردستانی ئێراندا، بێگومان لەو پێناوەدا شەهیدیش دەبێت، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر ئەو شەهیدانەی نییە، بەڵکو بەهەزاران شەهیدیمان هەیە.

**ئاوێنە: لەچالاکییەکانی ئەم دواییانەدا چەند شەهیدتان داوە؟**

**مستەفا هیجری: لەو چالاکییانەدا ١١ شەهیدمان داوە.**

**ئاوێنە: هەندێک سەرچاوەی ئەمنی باس لەوە دەکەن، که ئێوە ٣٩ شەهیدتان داوە؟**

**مستەفا هیجری:** نەخێر، ئەوە ڕاست نییە.

**ئاوێنە: بەدوای ئەو چالاکییانەی که کردووتانه، ژمارەی هاتنی هێزی گەنجان بۆ ناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات زۆرتر و زیاتر بووە؟**

**مستەفا هیجری:** زۆر زیاتر بووە، لەکاتێکدا ئەوە یەکێک له ئامانجەکانمان بووە، لەهەمانکاتدا له شارەکانی نێوخۆی وڵات، واته تەشکیلاتی حیزب، سەرجەمیان ئامادەییان دەربڕیوە، که یارمەتیدەری پێشمەرگەن، هەر لەو تێکهەڵچوونانەش که لەناوچەکانی مەریوان، شنۆ و مهاباد هاتەپێش، بەشێکی سەرەکیی کارەکانی ئێمە، ئەو ئەندامانه کردوویانه، پێشمەرگه له بەرزترین ئاستدا بوو. جگه لەوە پێویسته ئاماژە بەوە بکەم، که ئەوە جووڵەیەکی گشتیی خستووەته نێو خەڵکی کوردستان، ئەگەر دیقەتتان دابێت، لەسەرەتای بەهاری ئەمساڵدا کوژرانی کۆمەڵێک ئەندامانی بەرپرسی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئاگر بەربوون له هێندێك له دامودەزگاکان، که ماوە ماوە ڕوو دەدات، ئەوانه ورەیەکی تایبەتییان داوە بەخەڵك، که خەڵك خەریکه بۆخۆی جڵەوی خەباتەکە دەگرێتە دەست، حیزبی دێموکرات وەکوو ڕێکخەری ئەو جووڵانەوەیە کاردەکات.

**ئاوێنە: ئایا ئێوە بۆ ناردنەوەی تیمەکانی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەماهەنگی دەکەن لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگاکانی ئاسایش؟**

**مستەفا هیجری:** نەخێر، ئێمە لەگەڵ هیچ کەسێک هەماهەنگیمان نییە، بەو شوێنانەدا پێشمەرگه دەنێرینەوە، که خەڵک بەشێوەیەکی نافەرمی هاتوچۆی پێدادەکات و سنوورەکان تێدەپەڕێنێت.

**ئاوێنە: گوایه مەبەستتان بووە لەو ڕێگایەوە سەرنجی ئامریکییەکان ڕابکێشن، بەوشێوەیەی که ئێستا گوتت: که ئێران ئەو مەملەکەته نییه که سەرمایەگوزاری تیدا بکرێت، شوێنێکی ئەمنی نییە، ڕێککەوتنی ٥+١ ناتوانێت به قازانجی ئێران بچێتە پێش، کەواته کاتێک دانیشتنتان هەبووە لەگەڵ ئەمریکییەکان چیان پێ گوتوون، یان لەسەر چی ڕێککەوتوون؟**

**مستەفا هیجری:** ئێمە لەمێژ ساڵەوە دانیشتنمان لەگەڵ ئەمریکییەکان هەیە، تەنانەت لەگەڵ لایەنی‌تریش دانیشتنمان بووە، هیچ لایەنێک دژایەتی نەکردووە لەگەڵ ئەو مەسەلەیە.

**ئاوێنە: ئامریکاییەکان دەستخۆشیان لێکردن؟**

**مستەفا هیجری:** ئێمە چاوەڕوانی دەستخۆشی نین، بەڵام ئەوەی که موخالەفەت ناکەن بۆ ئێمە گرینگە، زۆر شت بەستراوەتەوە بەدرێژەدانی ئەو حەرەکەتە.

**ئاوێنە: چۆن هەستتکرد، که موخالەفەت ناکەن؟**

**مستەفا هیجری:** من له نیەتی ئەوان ئاگادار نیم، بەڵام پێموایە نه ئامریکا، نه ئورووپا دۆستی ئێران نین، ڕەنگە لەهەندێک شوێندا، بۆنموونه له مەسەلەی پیتاندنی ئۆرانیۆمدا بڕیارێکیان ئیمزا کردووە، بۆ ئەوەی ڕێگری بکەن له کۆماری ئیسلامی، که نەتوانێت هێندە ئۆرانیۆمەکەی دەوڵەمەند بکات که بتوانێت چەکی ئەتۆمی بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، که لەگەڵ ئێران هاوڕان، ئێستاش ئێران چەندین گەمارۆی لەسەرە لەلایەن ئامریکاوە، لەپەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی یارمەتیی تێرۆر و دەستێوەردان لەوڵاتانی ناوچەکە، بۆیە دەڵێم ئامریکا و ئورووپا دۆستی ئێران نین.

**ئاوێنە: بۆ پێتوایە دۆستی حیزبی دێموکراتو کورد بن؟**

**مستەفا هیجری:** مەسەلەکە دۆستایەتی نییە، مەسەلە ئەوەیە، حیزبی دێموکرات لەگەڵ هێزێک ڕووبەڕوو خەباتێک دەکات که تەژی له دیکتاتۆرییه، پەرە بەشەڕ و ئاژاوە دەدات لەناوچەکەدا، که ئەمە جگه لەوەی به زەرەری خەڵکی ئێران و کوردی ئێرانە بەتایبەتی، به زەرەری ئورووپا و ڕۆژئاواشە بەگشتی، حەرەکەتی ئێرە، حەرەکەتێکە که له بەرژەوەندی و قازانجی هەموو لایەنێکدایە، مەرج نییە پێکەوە دۆست بین، بەڵام دەتوانین لەسەر خاڵی هاوبەش کاربکەین، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتییش بێت، وەکو زۆرێک له ئیتلاف و هاوپەیمان و بڕیاردەرەکانی تر.

**ئاوێنە: ڕێککەوتنێک لەنێوان ئێوە و ئامریکادا هەیە؟**

**مستەفا هیجری:** نەخێر، هەتا ئێستا ڕێککەوتنێکمان نەبەستووە.

**ئاوێنە: بڕیارە بیبەستن؟**

**مستەفا هیجری:** ماوەتەوە بۆ داهاتوو، من پێموابێت درێژەدانی ئەو حەرەکەتە، دەتوانێت زۆر شتی تازە بێنێتە ئاراوە، که ئێستا پێشبینی ناکرێت، بەڵام له قازانجی خەباتی کوردە له کوردستانی ئێراندا.

**ئاوێنە: بەپێی ئەو قسانەی تۆ بێت، ئامریکاییەکان بەڵێنیان بەحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوە، که جگه لەوەی موخالەفەتی ئەو کارانە ناکەن، بەڵکوو پشتیوانی دەکەن، ئاشکراشە پشتیوانیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، زیاتر پشتیوانیی عەسکەریو چەک و کەلوپەلی سەربازی و ئیمکاناتی ماددییە؟**

**مستەفا هیجری:** ئەوەی که ئێستا ئامریکاییەکان قووڵبوونەوە و چڕبوونەوەی لەسەر دەکەن، مەسەلەی شەڕ دژی داعشە، بەڵام من لەو باوەڕەدام، دوای تەواوبوون و لاواز بوونی داعش، تا ئەو ئاستەی کاریگەری نەمێنێت، ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لەسیاسەتی دەوڵەتەکان، چ ڕۆژئاوا، چ ناوچەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دێتەپێش، که بەقازانجی کۆماری ئیسلامیی ئێران نابێت.

حیزبی دێموکرات هیچ لایەنێک نایجووڵێنێت و شەڕ یان ئاشتیی پێ‌نکات، ئەوەی که حیزبی دێموکرات دەیکات بڕیاری خۆیەتی له ڕوی لێکدانەوەی خۆیەوە، ڕەنگە ڕۆژێک هەڵەبکات، بەڵام بڕیاری خۆی بەڕێوەدەبات.

ئێمە لەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران خەبات دەکەین، بەپێی توانا و ئیمکاناتی خۆمان، ئایا ئەو خەباتەی که ئێمە دەیکەین، له بەرژەوەندیی سیاسەتی پارتی، یان یەکیەتییە ئەوە بۆ ئێمە گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە ئێمە به بڕیاری خۆمان کارەکانمان دەبەینە پێش.

# خوێندن؛ خەونێکی وەدی‌نەهاتووی قوتابییە هەژارەکان

شەماڵ تەرغیبی

ئەسڵی ٣٠ یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی:

«دەوڵەت ئەرکدارە بە دابین کردنی هەموو پێداویستییەکانی فێربوون و بارهێنان بۆ هەموو گەل تاکوو کۆتایی قۆناغی ناوەندی و پێداویستییەکانی خوێندنی باڵا دەبێ بەشێوەی خۆڕایی بخرێتە بەردەست گەل.»

هەموو ساڵێک لە بەرەبەری وەرزی کرانەوەی قوتابخانەکان، ئێش و ئازاری بنەماڵە کەم‌داهات و بێبەشەکان لە ئێراندا چەندقات زیاتر خۆی دەنوێنێ؛ چوونکە ئەم بنەماڵانە ناتوانن تێچووەکانی خوێندن بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن و قوربانیانی ئەم تراژێدیایە تەنیا پشکی چاولێکردن لە دڵخۆشیی هاوتەمەنانیان پێ دەبڕێت، چوونکە ئەوان توانایی ماڵییان هەیە و دەشتوانن لە مافی خوێندن بەهرەمەند بن.

ڕۆژنامەی «شرق» لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی‌دا کە ٢ ساڵ پێش ئێستا ئەنجامەکەی ڕاگەیاندبوو ئاشکرای کردووە کە؛ قوتابییەک ئەگەر بیهەوێ بەشێوەیەکی زۆرئاسایی، لە قوتابخانەیەکی حکوومەتی و بەدوور لە تێچووە زیادییەکان (واتە تەنیا بە دابین کردنی پەرتووک و تێنووس و پێنووسەکان و جانتا و ... ) بچێتە قوتابخانە، دەبێ ٧٠٠ هەزار تمەن پارە سەرف بکات؛ هەڵبەت ئەم تێچووانە جیاوازە لەو پارەی کە ناوبەناوە لە ژێرناوی یارمەتی گەیاندن بە فلستین و منداڵانی سووریە و دابین کردنی سووتەمەنی و کڕینی کاغەزی ئیمتحان و... هتد، لە منداڵان وەردەگیرێ.

پڕ ئاشکرایە کە هەرچەندە لە کۆمەڵگایەکدا ڕێژەی خوێندەواری و خوێندەواران کەمتر بێت، هەر بەو ڕێژەیەش هەژاری (لە هەموو بیاڤەکان) زیاترە و لە هەمان کاتیشدا هەرچەندە هەژاری زەق و بەرچاوتر بێت، ئاستی خوێندەواری و تێگەیشتوویی ئەو کۆمەڵگاش کەمتر دەبێ؛ کەواتە دەتوانین بڵێین هەم نەخوێندەواری هۆکارێکە بۆ هەژاری و هەم هەژاریش هۆکارێکە بۆ نەخوێندەواری کە هەر دووکیان پێکەوە دەس دەخەنە بینەقاقای کۆمەڵگا و بارودۆخێک دەخولقێنن کە تێیدا ژیان کردن بێ‌مانا دەبێت و خەڵک لە مانا ڕاستەقینەکانی ژیان دوور دەخەنەوە.

ساڵی ڕابردوو ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیسی ڕێژیم لە ڕاپۆرتێکدا لەپێوەندی لەگەڵ دۆخی خوێندن لە ئێران ئاشکرای کرد کە تەنیا لە ساڵی ٩٣دا، ٣ میلیۆن و ٢٠٠ هەزار منداڵ بەهۆی هەژاریی ماڵی و چەندین کێشەی دیکەی وەک نەبوونی ئیمکاناتی خوێندن، دووریی قوتابخانە، دوو زمانەبوونی خوێندن و چەندین هۆکاری تر، وازیان لە خوێندن هێناوە و لە ساڵیشدا نیزیک بە ١١٠ هەزار کەسی دیکە بەم هۆکارانە ناچار دەبن واز لە خوێندن بێنن، کە پارێزگاکانی وەک سنە، ئیلام، ورمێ، سیستان، هۆرمۆزگان و لوڕستان، کە شوێنی نیشتەجێ بوونی نەتەوە غەیری فارسەکانی ئێرانن، پشکی شێریان لەم تراژێدیایە بەرکەوتووە.

حەسەن ڕووحانی کە زۆرێک لە دەسەڵاتخوازانی سەر بە کۆماری ئیسلامی ڕواڵەتێکی مۆدێڕن و پێشکەوتنخوازیان لێ پیشان دەدا، لە ڕێکەوتی ١٠ی جۆزەردانی ساڵی ڕابردوودا، لە نێو خەڵکی ورمێ‌دا بەڵێنی ئەوەی بە خەڵک دا کە؛ لە پاش بەرجام سنوورەکان بەرووی دنیای دەرەوە دەکرێنەوە و ئازادیی چالاکیی ئابووری دێتە ئاراوە و بەم شێوەیە هەموو کێشە ئابوورییەکان لەنێو دەچن و وڵات پێشدەکەوێت و چیدیکە ئیمە شاهێدی بوونی هەژاری و بێکاری و گرانی نابین و خەڵک دەتوانن بە ئاسوودەیی بژین! لە ڕێکەوتی ئەو قسانەوە، ساڵێک و ٣ مانگ تێپەڕیوە؛ ئێستا پرسیار ئەوەیە کە کام یەک لەو قسانەی ناوبراو پاش واژۆ کردنی بەرجام هاتوونەتە دی؟

ئەم بارودۆخە لە کاتێکدا دەکەوێتە بەر شەن و کەو کردنی نووسەری ئەم دێڕانە کە حەسەن ڕووحانی لە کۆتایی دەسەڵاتەکەی نیزیک دەبێتەوە، بەڵام ئاوڕدانەوەیەک لە سەرەتای هاتنە سەرکارەکەی و پڕوپاگەندەکانی لەو کاتەدا پیشانمان دەدات کە؛ ئەوەیکە لە سیستمی کۆماری ئیسلامی دەبیندرێت، دەرهاویشتەی دۆگماتیزمێکی ئاوێتەبوو بە درۆیە و هیچی دیکە.

بەشێک لە وادە و بەڵێنییەکانی ڕووحانی لە بەرەبەری بەناو هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ڕێکەوتی ٢٤ی جۆزەردانی ساڵی ٩٢ کە بە مانیفێستی ٧٠ ڕستەیی ناوبانگی دەرکرد:

١ -کۆتایی بەم شێوازە منداڵانەیە بهێنین تاکوو کەسانی لێهاتوو هەڵبژێردرێن. (لەبەناو هەڵبژاردنەکاندا چ ڕێکارێکی نوێ گیرایە بەر کە منداڵانە نەبووبێ؟ )

٢- داواکاریی کرێکاران دەبێ لەلایەن بەرپرسانەوە گرینگی پێ بدرێت (عەلی ڕەبیعی دانی بەوەدانا کە لە ٢ ساڵی یەکەمی دەوڵەتی ڕوحانی‌دا دەیان میلیۆن کرێکار بەهۆی بێدەرەتانی بوونەتە پەراوێزنشین)

٣- هاتووم تاکوو هەنگاوێک بۆ ڕێکخستنەوەی کاروباری خەڵک هەڵبێنمەوە.

٤- ئەگەر فەزای زانکۆکان ئەمنیەتی بکرێ، ناتوانێ زانست بەرهەم بهێنێت. (دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ئیسلامی خوێندکارانی زانکۆی بێهێشتی: ئەو فەزا ئەمنیەتییەی کە لە دەوڵەتی ١١دا بەسەر زانکۆکاندا زاڵ بووە لە هیچ دەوڵەتێکی تردا نەبیندراوە.)

٥ - هێنانەدی دادپەروەری پێویستی بە ئابوورییەکی کارامە هەیە.

( عەلی ڕەبیعی: داهاتمان ٧٥٠ میلیارد دۆلار بوو، بەڵام کێشەی پەراوێزنشینەکان چارەسەر نەکران.)

٦ -پێویستە گۆڕانکاری قووڵ لە ئابووریدا پێک بێنین.

(عەلی هاشمی سەرۆکی کۆمیتەی بەرەنگاربوونەوە دژی مادده سڕکەرەکانی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم، ئەو بەرپرسەی ڕێژیم باسی لەوەش کردووە کە؛ بازرگانی بە مادده سڕکەرەکانەوە لە هەر ٢٤ کاتژمێردا ١١٠ هەزار میلیارد تمەن زیان بە ئابووریی ئێران دەگەیەنێت.)

٧ - دەوڵەتی تەدبیر و ئۆمید ناهێڵێت لاوان بێکار بن. (بانکی جیهانی لە گەلاوێژی ئەمساڵدا: ٢٩/٤٪ی لاوانی ئێران بێکارن و نرخی بێکاریی لاوان لە ئێران زیاتر لە ١٤٢ وڵاتی جیهانە)

٨ - هەنگاوی یەکەم نەهێشتنی پێویستییە بەپەلەکانی خەڵکە.

٩ -بەرنامە و پرۆگرامی قوتابخانەکان دەبێ لەسەربنەمای قوتابی تەوەربێ. (پێداویستییە سەرەتاییەکانی خوێندن لەلایەن بنەماڵەکانەوە دابین دەکرێت)

١٠ -بارهێنانی باڵا گرینگترین کۆڵەکەی گەشەپێدانی سەرمایەی مرۆییە.

هەم نەخوێندەواری هۆکارێکە بۆ هەژاری و هەم هەژاریش هۆکارێکە بۆ نەخوێندەواری کە هەر دووکیان پێکەوە دەس دەخەنە بینەقاقای کۆمەڵگا و بارودۆخێک دەخولقێنن کە تێیدا ژیان کردن بێ‌مانا دەبێت و خەڵک لە مانا ڕاستەقینەکانی ژیان دوور دەخەنەوە



## گۆڵف نیوز: بەرجام هیچ خێرێکی بۆ ئێران نەبووە

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی «گۆڵف نیوز»، لە پاش ٨ مانگ لە جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەی ناوکیی ناسراو بە بەرجام، دەرکەوت کە ئێران هیچ قازانجێکی نەکردووە.

گۆڵف نیوز کە بە یەکێک لە گرینگترین و پڕفرۆشترین ڕۆژنامەکانی جیهانی عەرەب دەناسرێ، لە ڕاپۆرتێکی شیکارییانەدا باسی لە ڕێککەوتننامەی ناوکی و دەرەنجامەکانی کردووە و نووسیویەتی پاش تێپەڕینی ٨ مانگ لە جێبەجێ بوونی بەرجام، هێشتا ئێران هیچ قازانجێکی بەخۆوە نەبینیوە.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، واژۆکردنی بەرجام کە بەڕواڵەت بەمەبەستی باشتر کردنی دۆخی ئابووریی ئێران و باری گوزەرانی خەڵکی ئەم وڵاتە بوو، نەیتوانی هیچ یارمەتییەک بە گەشەی ئاڵوێرە بازرگانییەکان بکات.

لە ڕاپۆرتەکەی گۆڵف نیوزدا باس لە ئامادەنەبوونی بانکە گەورە جیهانی و نێونەتەوەییەکان بۆ سەرمایەدانان لە ئێران و ئاڵوێری دراو لەگەڵ ئەم وڵاتە کراوە، کە هۆکارەکەی بریتییە لە بوونی بەرنامەی مووشەکیی بالستیک، پشتیوانی لە تیرۆریزم و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە.

هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپۆرتە، فرانس پرێسیش نووسیویەتی: تەنیا هەندێک بانکی بچووک ئامادە بوون پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران ئاسایی بکەنەوە و بەپێچەوانەی هیواداررییەکی زۆری لێپرسراوانی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ کرانەوەی ئابووریی ئێران بەڕووی ئابوریی جیهانی، تا ئێستا هیچ ناوەندێکی ماڵی یان بانکێکی جیهانی جێگەی بڕوا ئامادە نەبووە تاپۆی تەحریمەکان بشکێنێت.

ئەگەرچی بەرجام واژۆ کراوە، بەڵام هەتا ئێستاش ١٨٠ کەسایەتی و دامەزراوەی ئێرانی لەوانە سپای پاسداران، وەزارەتخانەکانی بەرگری، ئیتلاعات و کۆمپانیاکانی دروست کردنی کەرەستەی شەڕ لەنێو لیستەی گەمارۆکانی ئامریکادان.

لەکۆتایی ڕاپۆرتەکەی گۆڵف نیوزدا هاتووە: بۆ ئەوانەی کە هیوادار بوون ڕێککەوتنی ناوکی ببێتە هۆی نیزیک بوونەوەی پێوەندییەکانی ئێران و ڕۆژئاوا، ئەم هەواڵە ناهۆمێدی دەهێنێ.

## ڕێژەی هەڵاوسان لە ٦ مانگی داهاتوودا زیاد دەکات

بەپێچەوانەی ڕاپۆرت و پێشبینییەکانی ناوەندی ئامار، سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئێران دەڵێ، دەبێ چاوەڕێی چوونەسەری ڕێژەی هەڵاوسان لە داهاتوویەکی نیزیکدا بین.

مەسعوود خانساری لە هەژدەیەمین دانیشتنی لێژنەی نوێنەرانی ژووری بازرگانیی تاران، وێڕای ئاماژەکردن بە دۆخی شپرزەی ئابووریی ئێران وتی: لە وەرزی یەکەمی ساڵی ٩٥دا، قەرزەکانی دەوڵەت بە بەراورد لەگەڵ ڕەشەمەی ساڵی ٩٤، ١٦ هەزار میلیارد تمەن زیادی کردووە و ڕێژەی نەخدینەیی لە بەهاری ئەمساڵدا، بە بەراورد لەگەڵ ڕەشەممەی ٩٤، ٤/٢٪ گەشەی کردووە.. کە بوونی ئەم ٢ فاکتە بەسە بۆ ئەوەی بڵێین لە ٦ مانگی داهاتوودا دەبێ چاوەڕێی هەڵاوسانی زیاتر بین.

لە چەند مانگی ڕابردوودا تیمی ئابووریی دەوڵەتی ڕوحانی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە توانیویانە هەڵاوسان کۆنترۆڵ بکەن و گەیاندوویانەتە ٨٪.

خانساری هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا باسی لە دیاردەی «سپی کردنەوەی پارە» کرد و وتی: ئێران و کۆرەی باکوور لە بواری سپی کردنەوەی پارە لە ئاستی جیهاندا جڵەوی کاروانیان گرتۆتە دەست، کە ئەمە یەکێک لە هۆکارەکانی متمانە نەکردنی بیانییەکانە بۆ دانانی سەرمایە لە ئێراندا.

سەرۆکی ژووری بازرگانی دواتر بە نیگەرانییەوە باسی لە بەشداریی هێزە سەربازی و ئەمنیەتییەکان لە بیاڤی ئابووریدا کرد و وتی ئەگەر دەمانهەوێ سەنعەت و ئابوورییەکەمان گەشە بکات، پیویستە دەستی ناوەندە ئەمنیەتی و سەربازییەکان لەم بیاڤەدا کورت بکەینەوە.

ساڵانێکی دوور و درێژە کە ناوەندەکانی وەک سپای پاسداران لە ڕێگەی قەرارگای خاتەمولئەنبیا و چەندین دامەزراوەی ترەوە سەرقاڵی هەڵلووشینی داهات و سەرمایەکانی ئێرانن و ئەمەش بەبڕیار و پشتگیریی سەرانی پلەبەرزی ڕێژیم ئەنجام دەدرێت.

## سێ هەواڵی ناخۆش سەبارەت بە کرێکارانی کوردستان

کرێکارێک کە لەلایەن خاوەنکارەکەیەوە لە سەر کارەکەی وەدەرنرابوو، بە خواردنی دەرمان کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممەی حەوتووی ڕابردوو، یەکێک لە کرێکارەکانی وەدەرنراوی کارگەی «نیک ئەلیافی» شاری دیواندەرە، بە هۆی دۆخی ناڵەباری ژیان و گوزەرانییەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

شوناسی ئەو کرێکارە تەمەن ٤٥ ساڵە، بە ناوی بەستام قەزایی کوڕی مەلا ئەحمەد خەڵکی گوندی نسارە ڕاگەیەندراوە و خاوەنی چوار منداڵە کە دوو لەو منداڵانە کەمئەندامی زکماگن.

بەستام قەزایی ماوەی نزیک بە ٧ مانگ پێش لە کارگەی «گونی بافی» وەدەرنراوە و لەو ماوەیەشدا لەگەڵ کێشەی سەختی ژیان و گوزەران بەرەوڕوو بووەتەوە.

ئەو کرێکارە دیواندەرەییە، بە خواردنی حەبی ژەهراوی دەستی داوەتە خۆکوژی.

هەواڵی خۆکوژیی ئەو کرێکارە لەکاتێکدا بڵاو دەبێتەوە کە پێشتر خاوەنکاری ئەو کارگەیە باسی لە دامەزراندنی ٤٠ کرێکار و وەگڕخستنەوەی کارگەی کیسەی پلاستیکیی شاری دیواندەرە کردبوو.

هەروەها بەپێی هەواڵێک کە بە هەواڵدەریی کوردپا گەیشتووە، ڕووداوی کار لەکارگەی «سیمانی درودی» شاری لوڕستان، گیانی کرێکارێکی ئەستاند و کرێکارێکی دیکەی کردە قوربانی.

شوناسی ئەو کرێکارە بە ناوی حەمید ڕەسوول خانی ڕاگەیەنراوە، کە ڕۆژی پێنجشەممە بە گوشاری ماددەی تواوەی سیمان، لە بەرزایی ٥٠ مێتری کەوتووەتە خوارەوە و گیانی لەدەست داوە.

هەواڵدەریی ئیلنا، بێ‌ئاگایی خۆی لە مەڕ بارودۆخی تەندروستیی محەممەد لەشنی کارێکاری بریندار بووی ڕووداوی کار لە شاری درود دەربڕی و ڕایگەیاند کە؛ ناوبراو بۆ یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری ئیسفەهان گوازراوەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، تەقینەوەی قازانێکی کۆن و ناستاندرادی هەڵم لە کارگەی دەرمانی سروشتیی «شفا» لە شاری سنە، بوو بە هۆی سووتانی لە سەدا ٧٠ی یەکێک لە کرێکارەکانی ئەو کارگەیە.

ئەو ڕووداوە لە نێوەڕاستی مانگی خەرمانان ڕوویداوە و بووە هۆی خەواندنی وریا ئیسماعیلی لە نەخۆشخانەی تەوحیدی شارەی سنە.

ڕێژەی مردنی کرێکاران بە هۆی ڕووداوی کار لە ئێران ڕۆژانە بە ٦ کەس خەمڵێنراوە وبە وتەی بەرپرسانی وەزارەتی کار، ڕووداوی کار زیاتر لە ٩٠ هەزار میلیارد تەمەن لە ئێران تێچوو هەڵدەگرێت.

## کۆمەڵگای بەهاییەکان: کۆتایی بە هەڵاواردنی ئابووری بێنن

کۆمەڵگای بەهاییەکان لە نامەیەکی سەرئاوەڵادا بۆ حەسەن ڕووحانی دەڵێن؛ کۆتایی بە هەڵاواردنی ئابووری دژی بەهاییەکان بهێنن.

ڕۆژی ٦ی سێپتامبر بەرانبەر بە ١٦ی خەرمانان، کۆمەڵگای بەهاییەکانی نیشتەجێی شاری ژنێف، لە نامەیەکی سەرئاوەڵادا بۆ حەسەن ڕووحانی، داوای کۆتایی هێنان بە ئاپارتایدی ئابووری لە دژی بەهاییەکانیان کردووە.

لەو نامەدا هاتووە؛ نووسینگەی کۆمەڵگای جیهانیی بەهایی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و زیاتر لە ٢٣٠ وڵات و هەرێم لە پێنج قاڕەی دونیا، پێیان خۆشە سەرنجی سەرکۆمار بۆ ستەمەکانی هەڵاواردنە ئابوورییەکان بۆ سەر کۆمەڵگای بەهاییەکان لە ئێران ڕاکێشن.

واژۆکەرانی ئەو نامەیە، باس لە بارودۆخی پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی دەکەن و دەڵێن: پاش داخستنی تەواوی ڕێگاکانی دامەزراندنی هاووڵاتییانی بەهایی لە بەشی دەوڵەتی، سەرنجەکان خرایە سەر کەرتی تایبەت.

لە درێژەی ئەو نامەدا هاتووە؛ دانەمەزراندنی بەهاییەکان بە بیانووی نەشیاوی بە «گڵاو» ناوهێنانیان، سەرجەم درگا ئابوورییەکانی دیکەشی لەسەر داخستوون.

لەو نامەیەدا ئاماژە بە دەستبەسەرداگرتنی ئەموال و کەرستەی بەهاییەکان و تەنانەت داگیرکردنی شوێنە پیرۆزەکان و گۆڕستانەکانی بەهاییەکان و هەروەها بێبەش کردنی لاوانی بەهایی لە مافی خوێندن کراوە.

لە کۆتایی ئەو نامەیەدا، کۆمەڵگای بەهاییەکان، داوا لە سەرکۆماری ئێران دەکەن نادادپەروەرییە ئابوورییەکان لە ئێران کە باڵی بەسەر کۆمەڵگای بەهاییەکان لەو وەڵاتەدا کێشاوە، کە بە گەورەترین کەمینەی ئایینی ناموسڵمان بە ئاژمار دێن، بە زووترین کات پێداچوونەی پێدا بکرێتەوە و کۆتایی بەو هەڵاواردنە ئابووریە بهێنن.

# شەڕ بۆ شەڕ
## سی و شەشەمین ساڵی دەستپێکی شەڕی عێراق ـ ئێران

غالب حەبیبی

**باسی گشتی**

کەم بیرمەند و کەسایەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە جیهاندا هەیە کە لەبارەی شەڕ (War) و هۆکارە فەلسەفی، دەروونی و ئابوورییەکانی تیۆری و باسی هزرییان نەکردبێ. ئێنجا هەر کەس و لایەنێکی ئەو ڕوانگەیانە لە گۆشەنیگای خۆیەوە باسی سروشتی بوونی و حاشاهەڵنەگربوونی شەڕ و دەرنجامەکانی دەکات و بە دەرنجامی جیاواز دەگەن. لە هەموو تیۆرییەکانی پێشوودا، مرۆڤ و حەز و ئارەزووەکانی بە پاڵنەر و هاندەری سازبوونی شەڕ لە نێوان مرۆڤەکان، هۆزەکان و نەتەوەکان لەقەڵەم دراون، بەڵام لە سەردەمی نوێدا بە هۆکاری ئەوەی کە چاخی دەوڵەت ـ نەتەوە گەیشتووەتە لووتکە و ئەم ئۆرگانیزاسیۆنە بەتەنیا بووەتە دابینکەری تەکووزی و تەناهیی ئەندامەکانی، ئەوا دەوڵەتەکان ئێستا بوونەتە دەستپێکەر و ڕێکخەری شەڕەکان و ئەوانن کە سروشت و ئاکامی شەڕی نەتەوەکان دیاری دەکەن. هەربۆیە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەک هێمایەک بۆ قەتیس کردن و ڕەوایی‌دان بە شەڕەکان و دەستپێڕاگەیشتن بە ئاشتی پێناسە دەکرێت.

**بەرباسی مەسەلە:**

لەم سۆنگەیەوە باس لە شەڕێک دەکەین کە دەوڵەتانی ئێران و عێراق ٣٦ ساڵ لەمەوبەر دەستیان پێکرد و بۆ ماوەی ٨ ساڵ بەردەوام بوو، کە بەدرێژماوەترین شەڕی موتەعارەف لە سەدەی بیستەم ناوزەد کراوە. ئەو شەڕە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لێکدانەوەی جیاواز و نهێنیی پشت پەردەی زۆرتر دەدرکێنێت و دووری گرتن لە ڕوودانی، سروشتی دەنوێنێت. باسکردن لە لایەنەکانی ئەو شەڕە بەتایبەتی هۆکار و دەرنجامەکانی بۆ هاووڵاتییانی ئێرانی هەروا ئاسان نییە و گیرۆدەی کۆمەڵێک تەنگوچەڵەمەی سیاسی و تەنانەت ئەخلاقی دەبێتەوە کە خەوشدارکردنی هەست و نەستی هەزاران کەس کە بێ لێکدانەوە، بوونە سووتەمەنیی ئەو شەڕە. مەجید محەممەدی لە کۆمەڵناسە بەناوبانگەکانی ئێران، هێما بۆ جیاوازی‌دانان لە نێوان ڕەخنە لە سیاسەتی شەڕ و توندوتیژی، هەروەها فیداکاری و لەخۆبردوویی کەسانێک دەگرێت بەبێ گوێدانە فاکتەرە سیاسییەکان و تەنیا وەک پاراستنی خاکی وڵات کوژران، باسی دەکات. ناوبراو وەک دژکردەوەیەک بۆ پاساوەکانی سپای پاسداران کە «تمامیت ارضی» کردووەتە بیانوو بۆ دەستپێک و بەردەوامیی شەڕ، باس لەوە دەکا کە لانیکەم لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە هیچ وڵاتێک بەهۆی شەڕەوە سنووری خاکی خۆی لەدەست نەداوە و دۆڕاوی سەرەکیش هەر خەڵکی ئەم دوو وڵاتە بوون و ئەوەی ڕوونە کە شانازیی ڕاگیرانی شەڕ بە هیچکام لە لایەنەکان نەبڕاوە.

**بەرجەوەنی شەڕ:**

تاکوو ئەوکاتەی کە هاشمی ڕەفسەنجانی لە دامەزرێنەران و بەڕێوەبەرانی شەڕی ئێران ـ عێراق بیرەوەرییەکانی خۆی بڵاو نەکردەوە، نهێنیی شەڕ و ئامانجی ڕێبەرانی ڕژێم لە بەردەوامیی شەڕ و برەودان بە دروشمی «جنگ جنگ تا پیروزی» تەنیا لەلای کەسە نیزامییەکان بوو، بەڵام لە ساڵانی دوای شەڕ مقۆمقۆی هەڵەکانی شەڕ و لەخۆڕا درێژەدانی شەڕ دەبیستران. سەرەتاکانی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی، هەتا ڕادەیەک ئێران توانیبووی ئەرتەشی عێراق لەناو خاکی خۆی وەدەربنێت، بەڵام لەو کاتەدا و بە بەهێزبوونی فەرمانداندەرانی سپای پاسداران، مەرامی سیاسیی چەسپاندن و سەقامگیر کردنی دۆخەکە، پاڵی بە دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە نا، کە دەبێ شەڕ ببرێتە نێو خاکی عێراق، و ڕێگای قودس لە کەربەلاوە تێدەپەڕێت و ویستیان ئەم پرسە ببێتە سەرباشقەی کارەکانیان. ساڵەکانی ٦٣ و ٦٤ بۆ هەردوولای شەڕ وەک یەک وابوو، نە پێشڕەوی و نە پاشەکشە، بەڵام لە نێوەڕاستی زستانی ٦٤دا، ئێران بۆ یەکەمجار شارێکی عێراقی (فاو) داگیر کرد و عێراقیش لە تۆڵەدا شاری کوردنشینی مێهرانی لە بەهاری ساڵی ٦٥دا داگیر کرد. هەر لە زستانی ساڵی ٦٥دا فەرماندەرانی سپای پاسداران کە خومەینیان لە دۆخی شەڕەکە خەراپ تێگەیاندبوو، هێرشی کەربەلای ٤ بۆ سەر هێزەکانی عێراق لە دەوروبەری شاری بەسرە، شکستی گەورەی سپای پاسدارانی لێکەوتەوە کە بەپێی ئامارە فەرمییەکان ٨ هەزار سەرباز کوژران. سەرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کە تا زستانی ساڵی ٦٦ هیچ چەشنە بەرەوپێشچوونێکیان لە بەرەی شەڕی پارێزگای خووزستان وەدەست نەهێنابوو، بەرەی قورسی شەڕیان گواستەوە بۆ خاکی کوردستان، بەو هیوایەی کە بتوانن لانیکەم لەم ناوچەیە دەستکەوتێک نیشان بدەن، بەڵام نەک سەرکەوتوو نەبوون، بەڵکوو تەنیا شارێکی عێراقیش (فاو) کە داگیریان کردبوو، لەدەستیان دایەوە و شەپۆلێکی دیکەی بۆردومانی مووشەکیی شارەکانی ئێران و بەتایبەتی کوردستان لەلایەن عێراقەوە دەستی پێ کردەوە و بە هەزاران کەسی مەدەنی بوونە قوربانی و میلیاردها تمەن خەسارەت لە سامانی وڵات درا.

پێکهاتنی دۆخێکی وەها لە بەرەکانی شەڕ و نارەزایەتیی گشتی و سەرلێشێواویی فەرماندەرانی سپای پاسداران دواجار لە کۆتاییەکانی پووشپەڕی ١٣٦٧، خومەینی بە قەبووڵکردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ی نەتەوە یەکگرتووەکان، جامی ژەهری هەڵقوڕاند، دۆخێک کە ڕێژیمی سەدام لە ماوەی مانگێکدا و تا ٢٩ گەلاوێژی ٦٧ هەموو ناوچەکانی خۆی گرتەوە و تەنانەت شاری ئەهوازی گەمارۆدا و باڵانسی دیلەکانیش بەتەواوی بەلای عێراقدا شکایەوە.

**لێڕوانینێکی کۆمەڵناسانە:**

کۆمەڵناسەکان ئەگەر لەسەر هۆکار و دەرنجامی شەڕ ناکۆکییان هەبێ، ئەوا لەسەر ئەو بنەواشە کە «شەڕ دیاردەیەکی سروشتیە»، کۆکن. دەرنجامەکانی شەڕیش ئەوانی (کۆمەڵناسەکان) دابەشی دوو بەرەی گەشبینەکان کە هەوڵ بۆ ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی کۆمەڵگا دەدەن و ڕەشبینەکان کە بە شتێکی ئەزەلی و ئەبەدی (مارکسیستەکان) لەقەڵەمی دەدەن و ئابووری بە چەقی ئەو ململانێیە دەزانن، دابەش دەبن.

سەبارەت بە لێکدانەوەی شەڕی نێوان ئێران و عێراق، زۆر ڕوانگەی کۆمەڵناسانە ئەو شەڕەیان خەسارناسی کردووە کە تیۆریی تالکۆت پارسۆنز، کۆمەڵناسی کارکردگەرایی پێکهاتەیی (Structural functionalism) بە یەکێک لەو بۆچوونانە هەژمار دەکرێت کە توانیویەتی باندۆری لەسەر کۆمەڵ و لایەنەکانی ئەو شەڕە ڕاڤە بکات و جێگای خۆی لەنێو کۆمەڵناسیی شەڕدا بکاتەوە.

بەباوەڕی پارسۆنز، هەموو کۆمەڵگایەک لە چوار وردە سیستەم (Social Sub System)ی زیستی، کەسایەتی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی پێکهاتووە کە هەرکام لەمانە بۆ خۆیان ئەرک (Function)ی جیاوازیان دەستنیشان کردووە. بۆ نموونە پەیکاڵ و یەکانگیری (adaptation) ئەرکی سەرەکیی وردە سیستمی زیستییە کە دامەزراوەی (Institution) ئابووری لە ڕێگای کار و بەرهەمهێنانەوە جێبەجێ دەکات. بەو واتایە کە کۆمەڵگە لە ڕێگای کارەوە خۆی پێوەند دەدات بە شوێن و دەوروبەری. وردە سیستمی کەسایەتی کە لە کۆمەڵێک ئاراستە و هەڵسوکەوتی تاکدا کۆ کراوەتەوە، ئەرکی گەیشتن بە ئامانجەکانی هەیە و بیاڤی سیاسەت بە ئۆرگانی دیاری کردن و دەستبەرکردنی سەرچاوەکان (مادی و مرۆیی)ی ئەم ئەرکە هەژمار دەبێت. پارسۆنز بۆ وردە سیستمەکانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیش ئاماژە بۆ یەکپارچەیی (Integration) و پاراستنی باشقە (Pattern Maintenance) دەکات کە چاودێری کردن و کۆنترۆڵی ئەو یەکپارچەییە لە ڕێگای یاسادان و دەزگای دادوەرییەوە دابین دەبێت و دواجار ئەو بایەخانەی کە کۆمەڵگە بۆ کار و کردەوە پاڵ پێوە دەنێت، ئامادە دەکات. ئەم وردە سیستمانە کە بە ڕێز باندۆریان لەسەر یەک هەیە، وزە و زانیاری پێکەوە پێوەندییان دەدات و کەموکووڕییەکانی یەکتری بە دانی وزە و زانیاری (وەرگرتنی دوولایەنە) چارەسەر دەکەن. ئەم دانوستانەی وزە و زانیاری لە تیۆریی پارسۆنز، وەرگیراوی زانستی سیبرنتیک (Cybernetics) لە پێوەندی (ارتباطات) دایە کە لە ڕێگای نۆربێرت واینێر هاتووەتە ناو زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسەت و پێوەندییە مرۆیی و ماشینییەکانەوە.

سەبارەت بە دۆخی ئابووریی ئێران لە کاتی شەڕ، کەس ناتوانێ حاشا لە بێسەروبەرەیی و شپرزەیی ئەم ئۆرگانیزاسیۆنە گرینگە بکات و چاو لە وێرانیی ئەو دەورەیە بقووچێنێ. نەوت کە هەموو کاتێ سەرچاوەی هەرە سەرەکیی داهاتی ئێران بووە، لەو ٨ ساڵەدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزینی بە خۆیەوە بینی و هەڵکشانی تێچووی شەڕ و بەرزبوونەوەی ئاماری بێکاران و هەڵاوسان بە تەواوەتی هەموو ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خەڵک و دەوڵەتی خستبووە ژێر باندۆری خۆی و ڕاستەوخۆ کاری کردە سەر وردە سیستمی کەسایەتی. ئەم بەشەش کە سیاسەت بە کۆڵەکەی دادەنرێت و ئامانجەکان بە سەرنجدان لە پێویستی و ئەگەرەکان دەستنیشان و دیاری دەکات، کاتێ دەبینێ سەرمایە (مادی و مرۆیی) و کار و دەرفەتەکان بەهۆی قەیرانی ئابووری کە بە سەدان میلیارد دۆلارەوە تووشی دارمان بووە، گەڵاڵە و پلانەکانی بەرەوڕووی تەنگوچەڵەمە و قەیران دەبنەوە. لە هێما ئاشکرا و بەردەستەکانی ئەم دۆخە، شکستی بەرنامەی یەکەمی گەشەی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی (١٣٦٢)یە کە هیچکام لە ئامانجەکانی وەک بەستراوەیی بە فرۆشی نەوت، زیاترکردنی هەناردەی غەیرە نەوتی، برەودان بە کشتوکاڵ، بەرزکردنەوەی سەرمایەی دەرەکی لە وڵات و کۆنترۆڵی هەڵاوسانی وەدی نەهێنا. لە وردە سیستمی کۆمەڵایەتی و پاش گۆڕانی وردە سیستمەکانی زیستی و کەسایەتی، بەرەبەرە سەرەتاکانی گۆڕان لەم بەشەش وەدەرکەوتن. ئەم وردە سیستمە بە سەرنجدان بە تیۆریی پارسۆنز، ڕۆڵی هاوئاهەنگی و تۆکمەکردنی کۆمەڵگە لەڕێی یاسا و یاسامەندی لە دۆخەکان دەگێڕێت و یەکپارچەیی کۆمەڵگە دەستبەر دەکات. ٥ ساڵی کۆتایی شەڕ لە ناوەندەکانی یاسا و بڕیار (وەک پەرلەمان، دادگە و شووراکان) زۆرترین دەق و ڕێنوێنیی بۆ ساماندانی دۆخی خەڵک و پێشگرتن لە پشێویی کۆمەڵایەتی دەرچوون. لەم سەردەمەدا بوو کە زاراوەی تیرۆڕی ئابووری هاتە ناو ئەدەبیاتی سەرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە و هۆشدارییان بەو کەسانە دەدا کە دۆخی ئابووری ڕەچاو ناکەن و خۆ لە باج و خەراج دەبوێرن. بێ سەرەوبەرەیی کۆمەڵگە لە ٣ ساڵی کۆتایی شەڕ گەیشتە چڵەپۆپە و ئێران لە لێواری هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی و دەروونیدا جێی گرت. دواجار دۆخی شەڕ و هەلومەرجی کۆمەڵگە باندۆریان لەسەر وردە سیستمی فەرهەنگی دانا کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ سێ وردە سیستمەکەی دیکە لە پێوەندی دایە. شەڕ کە لە سەرەتاوە بە لەبەرکرانی درووشمگەلی دەوڵەتی وەک «دفاع از کشور»، (بەرگری لە وڵات) «جنگ نعمت الهی‌ست» (شەڕ بەرەکەتی خوایە) و «راه قدس از کربلا می گذرد» ڕێگەی ڕزگاریی قودس بە کەربەلادا تێدەپەڕیت) و ... لە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆی داماڵڕابوو، چەشنێک مۆبیلیزەکردنی گشتی و بەتایبەتی لە شارە ناوەندییەکانی ئێران بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام دواتر کە وزە و زانیاریی شەڕ لە وردە سیستمی زیستی گەیشتە وردە سیستمی فەرهەنگی، ئیتر وەک بیردۆزی پارسۆنز باسی دەکات، ئەنگیزە و مەرامەکانی خەڵکی لەژێر خەسار و زەختەکانی شەڕ کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دژوارتر و تاقەتپڕووکێنتر دەبوون، ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و بایەخەکانی وەک بەرگری، لەخۆبردوویی، قەناعەت و هیوا بە داهاتوو کاڵ و کاڵتر دەبوونەوە کە ئەمەش هاوپێوەندیی کۆمەڵایەتی و تۆکمەیی کۆمەڵگەی بە توندی خستە ژێر مەترسیی جیددییەوە. هەر لە ٤ ساڵی کۆتاییەکانی شەڕ بوو کە شەپۆلی کۆچی گوندنشینانی سەرسنوور بە شارەکان، ناردنی زۆرەملێی لاوەکان بۆ بەرەکانی شەڕ (ڕەشبگیری) و چۆڵبوونی پادگانەکان و ئیختلافی نیزامیی سپا و ئەرتەش پەرەی سەند و خومەینیش بە پێچەوانەی حەز و مەیلە دەروونییەکانی جامی ژەهری نووشی.

**ئەنجام:**

یەکێک لە تێمەکانی شەڕی ئێران و عێراق، سیاسەتی ناردنی شۆڕش لەلایەن ڕێبەرانی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بوو، کە وەک پاڵنەرێک بۆ هەڵگیرسان و بەردەوامیی شەڕی ٨ ساڵە چاوی لێدەکرێت. خومەینی لە چەندین پەیامدا پێش و پاش شەڕ، ڕاستەخۆ باسی عێراق و سەدام حوسەینی کردبوو کە پاڵی بە کافرانەوە داوە تاکوو وەلانانی یەکجارەکی سەدام و تۆڵەی مەزڵوومییەتی ئیمام حوسێن لە کەربەلا، شەڕ تەکلیفی شەرع و خواییەوە و تا سەر درێژەی دەبێت. ئەم ڕوانینە بۆ شەڕ کە لە ئەدەبیاتی ئێستادا بە «آخرزمانی» ناسراوە، هەر ئەم بۆچوونەیە کە شەڕی بۆ ئاشتی ناوێت بەڵکوو شەڕ بۆ شەڕی دەوێت.

**ئێران و ژمارەی خەساری شەڕ**

- ڕۆژەکانی شەڕ/ ٢٨٨٨ ڕۆژ
- کوژراوان/ ٢٣٤٠٠٠ کەس
- بریندااران/ ٦٧٢٠٠٠ کەس
- دیلەکان/ ٤٢٠٠٠ کەس
- بێ‌سەروشوێنەکان/ ٥٥٠٠ کەس
- لە نێوان ڕێبەندانی ٥٧ تاکوو ڕەزبەری ٦١، لانی کەم ١٠ فەرماندەی پایەبەرزی ئەرتەش یان تیرۆر کران یان ئێعدام یان بە ڕووداو مردن.
- خەساری ماددی/ زیاتر لە یەک ترێلیۆن دۆلار( بەراوردی ئێران)
- خەساری ماددی/ کەمتر لە سەد میلیارد دۆلار(بەراوردی کۆتایی نەتەوە یەکگرتووەکان)
- نزیک بە ٩٠٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لە شار و گوندەکان وێران بوون.
- زیاتر لە ٤١٪ تێچووی بوودجە بۆ کاروباری نیزامی و ئەمنیەتی تەرخان کرا.
- لە سەرەتاکانی شەڕدا، زیاتر لە ١٣٥٠٠ کیلۆمیتری چوارگۆشە لە خاکی ئێران کەوتە دەست ئەرتەشی عێراق.
- تەنیا سووریە و لیبی لە نێوان ٥٥ وڵاتی ئیسلامی و عەرەبی پاڵپشتییان لە ئێران کرد.
- ئەرتەشی ئێران لە پێش شەڕدا لە لایەن پیشەسازیی ئامریکا، ئاڵمانی ڕۆژئاوا و بریتانیاوە پۆشتە وپەرداخ کرا و لەکاتی شەڕیش کەوتە ئەستۆی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئوورووپا، کۆرەی باشوور و تایوان.






# گرینگیی زانکۆ لە ڕاسان و ڕۆڵی زانستگەکانی کرماشان لەم چوارچێوەیەدا

ن: ئاسۆ ساڵح

و: نارین

فەلسەفەی ڕاسان یا هەستانەوە - حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو قۆناغە نوێیەی خەباتی خۆی وەکوو «ڕاسان» ناو دەبات - گرێدانی خەباتی شار و شاخە. خەباتی شار لەخۆگری هەرچەشنە خەباتێکە جگە لە خەباتی چەکداری، کە زۆرتر وەکوو خەباتی مەدەنی ناوی لێ دەبردرێت و چالاکی لە ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا لەخۆدەگرێت. بەم پێیەش، ڕاسان کەمپەینێکە بۆ خەبات لە هەموو ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانەوە.

ڕاسان، تەنووری خەباتی لە کوردستانی خۆرهەڵات گەرموگوڕتر کردووەتەوە. یەکێک لە گرینگترین دەستکەوتەکانی ڕاسان بۆ نەتەوەکەمان لە خۆرهەڵاتی کوردستان، وەرگرتنەوەی متمانە بەخۆبوون و هیوا و هومێدی لەدەستچوو بوو.

خەڵک کە لەژێر گوشارە پڕووکێنەرە ئابووری و سیاسی (ئەمنیەتی) ـەکاندان، متمانەیان بەخۆ و هیوایانیان لەبۆ گۆڕانکاری لەدەست دابوو. متمانەبەخۆبوون و هیوا بەردی بناغەی هەموو گۆڕانکارییەک لە بچووکترین گۆڕانکارییەوە تاوەکوو گەورەترین گۆڕانکارین.

ڕێکخستنەوەی دووبارە لە دەستکەوتە بەرچاو و ڕوونەکانی ئەم گۆڕانکارییەیە کە شێوەکانی دەتوانین لە زانکۆ و زانستگەکاندا ببینین.

فەلسەفەی ڕاسان تەنیا چەک و دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری نییە، بەڵکوو دەستپێکردنەوەی خەباتێکە کە چەند ساڵێکە هەم لە شاخەکانی کوردستان بێدەنگ بووە و هەمیش لە شارەکاندا کپ بووە.

بەوتەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، لەم فەلسەفەیەدا ئەوانەی کە تەنانەت باوەڕیان بە خەباتی چەکداری نییە و لەگەڵ ئەو شێوازە خەباتەدا هاوڕا نین، جێگایان دەبێتەوە. بەم پێیە، ڕاسان چوارچێوەیەکی بەستراو وەکوو ئایدیۆلۆژییە باوەکان نییە کە خەبات بەرتەسک بکاتەوە.

ئەم تایبەتمەندییەی ڕاسان دەبێتە هۆی ئەوە کە بتوانیێ گرێ بدرێتە هەرچەشنە خەباتێک لەدژی چەوسانەوە و نابەرابەری و هەروەها خەبات لەبەرانبەر حکوومەتێک کە حاشا لە ناسنامە دەکات و لەگەڵ ئەو خەباتانەشدا هاوئاهەنگ بێت.

یەکێک لە بناغە سەرەکییەکانی ڕاسان لە خەباتی شاردا، چالاکییە خوێندکارییەکان یان هەمان بزووتنەوەی خوێندکارییە.

خوێندکار کە لە بنچینەی تاکەکەسیدا پرسیارکەرە، بە چوونە زانکۆ و بەستێنی پێوەندی لەگەڵ سەدان خوێندکاری دیکە، بیروبۆچوونەکانی ئامانجدارتر دەبن و بەشێوەیەکی بەرچاوتر و ڕوونتر لەبارەی کۆمەڵە چەمکگەلێک وەکوو ئازادی، شوناس و بەرابەری بەدواداچوون دەکات و پرسیاری نوێ دێنێتە ئاراوە.

ئەم بەدواداچوون و گەڕانە هەنگاوی یەکەم بۆ سازماندان و ڕێکخستنی خوێندکارانە لە چوارچێوەی ئەنجومەن و بڵاوکە خوێندکارییەکان و ئەمەش بزووتنەوەیەکی بەهێزی خوێندکاری پێک دەهێنێت کە لە دیرۆک و لە بزووتنەوە جیاجیاکاندا پێگەیەکی تایبەت و کاریگەری بووە.

بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی لە ئێران، بەش یان ژێرشاخەیەک لە بزووتنەوەی خوێندکاریی سەرتاسەری لە ئێراندا نییە. مێژوو، ئەندام و داواکارییەکانی ئەم بزووتنەوەیە بەگشتی جیاواز لە بزووتنەوەی خوێندکاریی سەرتاسەرین.

بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی خۆی لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی یا شوناسی (کوردی) پێناسە دەکات. هەر بۆیەش داواکارییەکانی ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ بزووتنەوەی کوردی هاوتەریبن.

هەبوونی دەیان ڕێکخراو، کۆڕ، ئەنجومەن و گۆڤار و بڵاوۆکی خوێندکاریی کوردی لە زانکۆ و زانستگەکانی ئێران لە بیست ساڵی دواییدا پیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە بۆشایی وەها ڕێکخراو و دامەزراوەیەک هەست پێکراوە، بەستێنەکانی بزووتنەوەی خوێندکاریی سەرتاسەری وەڵامدەر نەبوونە و هەر بۆیەش خوێندکارانی کورد لەپێناو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە هەنگاویان هەڵێناوە کە بەدڵنیاییەوە لەو ڕێگایەشدا نرخیان داوە.

زانکۆ سەرەکییەکانی کرماشان (ڕازی و زانستە پزیشکییەکان) گەورەترین زانکۆکانی کوردستانی خۆرهەڵاتن. زیاتر لە ٣٠ هەزار خوێندکار لەو دوو زانکۆیە سەرقاڵی خوێندنن. ئەم زانکۆیانەدا لەپاڵ زانکۆکانی تاران و تەوریز، شوێنی لەدایکبوون و هەروەها لانکەی پەرەستاندنی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی بوون.

بە چڕتر بوونەوەی گوشارەکان لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی، بزووتنەوەی خوێندکارییش کەوتە ژێر گوشارەوە و بەرەبەرە لە چالاکییەکانی و هەروەها کارتێکەریی کەم بووەوە.

زۆربەی چالاکانی خوێندکاری دەستبەسەر و یان لە زانکۆکان دەرکران، دامەزراوە خوێندکارییەکان داخران و بڵاڤۆک و گۆڤارە خوێندکارییەکان مۆڵەتی بڵاوکردنەوەیان لێ وەرگیرایەوە.

ئەم دۆخەش بەشێوەی تایبەت و بەرچاو داوێنی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی، بەتایبەتی لە زانکۆکانی کرماشانی گرتەوە.

چاوەڕوان دەکرێت کە بە هێنانە بەرباسی دووبارە و شێلگیرانەتری داواکارییەکانی نەتەوەی کوردی زوڵملێکراو و چەسێنراو لە چوارچێوەی ڕاسان ـدا، بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردیش لە پێناو ئەم داواکارییە ڕەوایانەدا چالاکتر ببێتەوە. بێگومان یەکێک لە جەمسەرە سەرەکییەکانی دەستپێکردنەوەی ئەم بزووتنەوەیە و چوونە چوارچێوەی کردارەوە، وەکوو پێشتر، کرماشانە.

لەلایەکی دیکەوە خوێندکاران و چالاکانی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان وەکوو بەشێک لە کەسایەتییە بلیمەتەکانی دوارۆژ، بەستێنی ئەوەیان بۆ دابین دەبێت کە لەگەڵ دۆخی سیاسی، ئەمنیەتی و کۆمەڵایەتیی کرماشان و ئیلام ئاشنا بین.

ئەم بەشە لە کوردستانی خۆرهەڵات بەهۆکارگەلێک کە باسکردنیان لەم بابەتەدا ناگونجێ، لەدۆخێکی جیاوازدان.

ئاشنابوون لەگەڵ ئەم دۆخە و هەوڵدان بۆ لابردنی ئەو کەموکوڕییە مێژووییانەی بزووتنەوەی کوردی لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ناوچانەدا و بەکردەوەیی کردنی لە بزاڤی نوێی ڕاساندا، یارمەتیدەر دەبێت.

بەڵام هاوکات، دۆخی زاڵی هەستیار بەسەر کرماشاندا و ڕوانگەی چڕ و قورسی ئەمنیەتی بەسەر خوێندکارانی کورد لەم ناوچەیەدا، کارەکە زۆرتر لە پێش سەختتر دەکاتەوە. بەڵام ئەوەی کە سەلمێندراوە ئەوەیە کە بزووتنەوەی خوێندکاری بەردەوام و لەهەر دۆخێکدا توانایی مانۆڕدانی خۆی پاراستووە و بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕۆچنەیەکدا بووە بۆ هەناسەکێشان و پیشاندانی تواناییەکانی؛ هەر بەم هۆیەش پێشگرتن بە بزووتنەوەی خوێندکاری شتێکی نامومکێنە.

بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردیش لەم یاسایە جیا نییە، بەڵام بزووتنەوەی ناوبراو بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخەی کە باسمان لێوەکرد بەردەوام لەو ساڵانەی دواییدا هەوڵی داوە کە بە زیندوویی بمێنێتەوە.

دامەزراندنی گەورەترین دامەزراوەی خوێندکاریی کوردی لە دیرۆکی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردیدا (یەکیەتیی دێموکراتیکی خوێندکارانی کوردی زانکۆکانی ئێران)، ئاکامی ئەم هەوڵانە بوو. لەکاتێکدا کە دامەزراوە سەرتاسەرییەکانی لەو چەشنە (وەکوو دەفتەری تەحکیمی وەحدەت) بە لەپشتبوونی بوودجەگەلێکی چەند ملیۆنی بەرەبەرە لەبیرکران، بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی بەپشتبەستن بە توانایی و لێهاتوویی خوێندکارانی کورد، گەورەترین بڵاڤۆکە خوێندکارییەکانیان بڵاو دەکردەوە و گەورەترین فێستیڤاڵەکانیان بەڕێوەدەبرد.

# ئیلام لە زەلکاوی درۆ و فاشیزمدا

شەهرام میرزایی

و: ستار ئیبراهیمی




بە بیانووی درۆکانی نوێنەری پارێزگای ئیلام لە مەجلیسی شوورای ئیسلامی

لەکارلابردنی هاوکاتی ٢٠٠ کرێکاری ئیلامی لە ڕۆژی جیهانی کرێکاراندا، بێ گومان یەکێک لە ڕاچڵەکێنەرترین هەواڵی کرێکاران لە ئەمساڵدا بووە، کە بە هۆی فاشیزمی زاڵ بە سەر ڕاگەیەنەکانی فارسی زمانەوە لە ژێر خەروار هەواڵی دیکە و دوور لە ڕای گشتی و چاوی خەڵک شاردراوەتەوە. پرۆسەیەکی فاشیزمی کە بە ڕوونی دەتوانین لە کردەوە و دژکردەوەی چالاکانی مەدەنی، کرێکاری و بەناو مافی مرۆڤی ئێران لە بەرانبەر ئەو جورە کەرەستە مرۆییانە ببینین. ٢٠٠ کرێکاری دەرکراوی ئیلامی، تەنیا بەو تاوانە کە کوردن و لە دەرەوەی بازنەی پێناسەی مافی مرۆڤی چالاکانی ئێرانین، لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا لە پەراوێزی هەواڵ یان بێدەنگیی ڕەهای چالاکانی مەدەنی_کرێکاریی ئێراندا بوون، و چالاکانی مافی مرۆڤی ئێرانیش بە سەرنج نەدانێکی واتادار بە دۆخی زاڵ بە سەر ژیان و گوزەرانی ئەو خەڵکە، سیاسەتە فاشیستییەکانی ئێرانی ئیسلامییان پەسەند کرد.

پارێزگای ئیلام وەکوو بێبەشترین پارێزگای کوردستان لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا، چ لە سیستمی پاشایەتی و چ لە حکوومەتی ئیسلامیدا، بە هۆی هەڵکەوتی ژئۆپۆلتیکییەوە، بەردەوام لە ناوەندی بەرنامەکانی فاشیستی_مەزهەبیی حکوومەتەکانی ئێران بۆ لەناوبردن و ئاسمیلاسیۆنی دانیشتوانی بووە. سەرەڕای ئەوەی پارێزگای ئیلام بە دووهەمین پارێزگای ئێران لە بواری گاز، و سێهەمین سەرچاوی نەوتی لە ئێران بەئەژمار دێ، بەڵام بە وتەی دوکتور باقر دەروێش_ مامۆستای ئابووری لە زانکۆکانی ئێران_ ئاماری بێکاری لە سەدا ٤٠ە و لەگەڵ نزمترین ئاستی هیوا بە ژیان بەرەوڕووە. پارێزگایەک کە بەو هەموو سەرچاوە سروشتیانەوە، لە سەدا ١١ی خەڵکەکەی لە ژێر چاوەدێریی «کومیتەی ئیمداد»دان و بە هۆی بێ‌هیوایی بەربڵاو و گشتگیر، ڕێژەی خۆکوژی ١٥ قاتی ئاماری خۆکوژیی پارێزگاکانی دیکەی ئێرانە و ئەو ڕێژەیەش لەگەڵ پارێزگاکانی کرماشان و لوڕستان لە پلەکانی یەکەم هەتا سێهەمی ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدایە.

بەڵام لەم نێوانەدا سەرەڕای بێ‌دەنگیی فاشیستیانەی چالاکانی مەدەنیی ئێران، لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا گوێبیستی درۆکانی جەلال میرزایی_ نوێنەری ئیلام لە مەجلیس_بۆ بەلاڕێدا بردنی بیروڕای خەڵک و پاساو هێنانەوەی سیاسەتەکانی حکوومەتی ئیسلامی دژی پارێزگای ئیلام بووین. میرزایی لە لێدوانێکدا کە لە ماڵپەڕی تابناک لە ڕێکەوتی ٧ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی بڵاوکرایەوە، بانگەشەی ئەوە دەکات کە؛ لە بەدواداچوونە بەردەوامەکانی‌دا، توانیویەتی ٢٠٠ کرێکاری وەدەرنراوی کورد بگەڕێنێتەوە سەر کارەکەیان و خاوەنکارەکەیانی ناچار بە بەستنی گرێبەستی نوێ لەگەڵ کرێکاران کردووە. ئەو لێدوانەی ناوبراو لە کاتێکدایە کە بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ڕۆژنامەی کوردستان و لێدوانەکانی هێندێک لە کرێکارانی دەرکراو، گوتەکانی نوێنەری پارێزگای ئیلام بێجگە لە درۆی بێ‌ئەملاوئەولا، شتێکی دیکە نەبووە و هەتا ئێستا هیچ هەوڵێک بۆ بەدەست هێنانی مافی ئەو کرێکارانە لە گۆڕێدا نییە.

درۆکردن و بڵاوکردنەوەی فریودان و ساختەکاری لە بنەما نەگۆڕەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بووە و هەیە، بنەمایەك کە نوێنەرانی مەجلیسی ئێرانی ئیسلامی بەباشی لە پڕوپاگاندەی هەڵبژاردنی خۆیاندا لەپێش چاوی دەگرن و بە درۆ و ساختەکاری هەوڵی بەدەست هێنانی پلە و پێگەی خۆیاندان. نوێنەرانێک کە نەتەنیا نوێنەری خەڵک نین، بەڵکوو دەستپەروەردەی حکومەتێکی جینایەتکار لە ناوچە جیاجیاکانی زاگرۆس و کوردستاندان.

## زاگرۆس لە ئامێزی تراژدیی ئاگرکەوتنەوەدا

٤٠ هێکتار لە دارستان و لەوەڕەگەکانی زاگرۆس لە ناوچەی «تنگە قیر» لە شاری چارداوڵ، سەر بە پارێزگای ئیلام، بە هۆی ئاگرکەوتنەوە بووە خۆڵەمێش.

بەپێی هەواڵی هەواڵدەریی مێهر، ئەو ئاگرکەوتنەوە پاش چوار ڕۆژ بە هەوڵی ڕێکخراوە ژینگەپارێزی و خەڵکییەکان و خەڵکی خۆجێیی ئەو ناوچەیە، کونترۆڵ کرا.

هەتا ئێستا ئەو ئاگرە ٤٠ هێکتار لە دارستان و لەوەڕگەکانی ناوچەی تنگەی قیری سووتاندووە.

بە هۆی ئاگرکەوتنەوە بەربڵاوکان، دەیان هێکتار لە دارستانەکانی ژینگەی گیانلەبەرە جۆراوجۆرەکان لەناوچوون. زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس کە شوێنی سەرەکیی ڕوینی داربەڕووکانە، تووشی ئاگرکەوتنەوەی مرۆیی دەبن.

## کرماشان/ منداڵانی کار بە دووچەرخەسواری پاڵپشتییان لێ‌کرا

ژن و مێردێکی کورد بە دووچەرخە مەودای ١٣٧ کیلۆمیتریی سنە بۆ کرماشانیان بڕی و پاڵپشتی خۆیان لە منداڵانی کار دەربڕی.

بەپێی هەواڵی هەواڵدەریی کوردپا، لەپێناو «گۆڕانی ڕوانگەی بەرپرسانی حکوومەتی بۆ منداڵانی سەرشەقام» دوو دووچەرخەسوار مەودای نێوان شارەکانی سنە بۆ کرماشانیان پێدال لێدا.

ئەو ژن و پیاوە سنەییە کە تازە ژیانی نوێی هاوبەشیان دەستپێکردووە، خوازیاری «لاچوونی ڕوانگەی بەبەزەییانە بۆ منداڵانی کار»ن.

دونیا و ئاروین کەریمی لە وتووێژێک لەگەڵ هەواڵدەریی «ایسنا»دا، وێڕای ئاماژە کردن بۆ دۆخی نالەبار و سەختی منداڵانی کار لە کوردستانی ئێران، سەبارەت بە خوێندن و داهات و خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو منداڵانە هوشداریان دا.

سەفەری یەک ڕۆژەی ئەو دوو چالاکە مەدەنیە کوردە بۆ کرماشان لەکاتێکدایە کە لە نێوەڕاستی گەلاوێژی ئەوساڵدا شارەوانیی کرماشان بە هاوکاریی ڕێکخراوی بێهزیستی و لە کردەوەیەکی نەشیاودا، سەری منداڵانی کاریان تاشی بوو.

هەندێ لە چالاکانی مەدەنی لەپاش بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، هەڵوێستیان نیشان دا و خوازیاری بەدواداچوون بۆ کێشەکە و پێشگرتن لە دووپات بوونەوەی بوون.

بەپێی ئامارە نیوەفەرمییەکان، نزیک بە ١٥٠٠ منداڵی سەرشەقام لە هەردوو پارێزگای کرماشان و کوردستان بوونی هەیە.

# نادیە موراد باڵوێزێکی نیاز پاک لە نەتەوەیەکی نیازپاک












ئەلبورز ڕوئین تەن

هەواڵی دەستنیشان کردنی نادیە موراد وەک باڵوێزی نیاز پاکیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا، نیشانەی پێشکەوتنی بزاڤی گەلەکەمان لە بواری دیاری کردن و گەیاندنی ئازار و مەینەتییەکانی گەلەکەمان بە دونیایە، و بێ گۆمان لەو ڕێگەیەوە دەتوانین جیا لە پشتگیریی مرۆیی، پشتگیریی سیاسیش بەدەست بێنین.

ئەو دەستنیشان کردنە سەرەتا بۆ ئێمەی کورد شانازییە، و چوونکە تراژیدیای نادیە موراد وەک بەشێک لە تراژیدیای مێژووی کورد، دەتوانێ نموونەیەکی بچووک لە ئازارەکانی کورد بێت، هەروەها نموونەیەکی تری ڕەوایی بزووتنەوەکەمانە کە دەتوانێ بە باشی ئازارەکانی ئێمە بە دونیا نیشان بدات.

ئێمەی کورد وەک نەتەوەیەکی چەوساوە، خاوەن ئازاری وەکوو ژینوساید و ئەنفال و کوشتنی بە کۆمەڵ و ڕفاندن و داگیرکردن، بەردەوام بە دوای ئەوەوە بووین تاکوو بتوانین دەنگمان بە ڕێکخراوەکانی جیهان و هەروەها ناوەندەکانی بڕیار و چالاکیی مافی مرۆڤ بگەیەنین، تا بتوانین لەو ڕێگەیەوە پشتگیریی سیاسی و مرۆیی بەدەست بێنین.

هەر چەند کارێکی وا لە دونیای ساڵانی ڕابردوو زۆر ئاسان نەبوو، چوونکە لە دونیای سیاسەتدا بەشێک نەبووین لە بەرژەوەندییەکان و هاوکات بەشێکیشی بۆ خۆمان دەگەڕێتەوە کە نەمانتوانیوە لە بواری دیپلۆماتیک و پەیوەندییەکانماندا سەرکەوتوو بین. هەر بۆیەش یەکێک لە ئەرکەکانی بزووتنەوە جیاجیاکانی کورد ئەوە بووە کە بتوانێ، ئەو پەیوەندی و پشتگیرییە دروست بکات.

باڵوێزیی نیاز پاکیی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تا ئەو شوێنەی پێشتر باو بووە، دراوە بە کەسایەتییە ناودارەکانی بواری جیاجیا، تاکوو بتوانن لە ناوبانگی خۆیان کەڵک وەرگرن بۆ پەرەپێدانی چالاکی و کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئەو کەسانەی کە پێشتر لەو بوارەدا لە نەتەوە یەکگرتووەکان چالاک بوون، وەک ئەکتەرەکانی بواری سینەما و ناودارەکانی تری بواری هونەری بوون، بەڵام دەستنیشان کردنی نادیە موراد لە بەر ئەوە نەبوو کە نادیە ئەکتەر یان کەسایەتییەکی بەناوبانگە، بەڵکوو بە هۆی ئەو ئازارانەوە بوو کە چێشتبووی. ئەوش چەندە دەبێتە هۆی ئەوەی کە نادیە زیاتر لە چالاکێکی مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا کار بکات، لە هەمان کاتدا دەتوانێ باشتر لە هەموو کەسێک ئەو ئەرکە پیرۆزە بەڕێوە ببات، چونکە خۆی لە ناخی ئازارەکانەوە هاتۆتە دەرەوە.

پێم وایە ئەوەش لە مێژووی کورددا بە ڕوونی خۆی دەردەخا کە، سەرەڕای ئەوە کە بوارمان پێ نەدراوە، بەڵام هەمیشە نموونە بووین لە بەجێ گەیاندن و پاراستنی نرخە گەردوونییەکان، بۆ نموونە ئێمە گەلێکی ئازاد نەبووین، بەڵام بەردەوام هەوڵمان داوە کە ئازادیی گەلانی دیکە بپارێزین. ئێمە بەردەوام وەکو نەتەوە و شارۆمەندی پلە دو و سێ سەیر کراوین، بەڵام بەردەوام داوای برایەتی و یەکسانیی گەلانمان کردووە، ئێمە قوربانیی نەبوونی سیستمێکی دێموکراتیک بووین، بەڵام لە هەمانکاتدا قوربانیی زۆرمان داوە لە پێناو دێموکراسیدا.

باڵوێزی نیاز پاکی نادیە مورادیش دەکەوێتە ئەو چوارچێوەیە، سەرەڕای ئەوەی کە نادیە موراد خۆی بوو بە قوربانیی نەبوونی نیاز پاکی و تۆندئاژۆیی داعش، بەڵام ئێستا وەک باڵوێزی نیاز پاکی هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات، تاکوو بتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە چالاکی و پشتیوانی کردن لە نەهێشتنی توندوتیژی و توند ئاژۆییەکان.

**ئەگەر نادیە موراد چەند ساڵ بەر لە ئێستا تەنیا ناوی کچێک بوو لە شنگال، ئێستا پێناسەی ئازاری شنگال و نەتەوەی کوردە، ئێستا پێناسەی مێژووی توندئاژۆی داگیرکەران بەرانبەر بە نەتەوەی کوردە، پێناسەی هەموو ئەو کچانەیە کە بوونەتە قوربانیی کولتووری هەڵەی ئایین بەرانبەر بە ڕەگەزی مێ**

ئەو دەستنیشان کردنە لە هەمانکاتدا دەتوانێ کاری دیپلۆماسی بۆ کورد ئاسانتر بکات، چوونکە ئیتر جیهان کورد دەناسێ و هاوکات ئازارەکانی دەناسێ و دەبینێ، ئەوش بۆ کەیسی سەربەخۆیی کوردستان و بڕیاردان لە چارەنووسی خۆی دەتوانێ ببێتە پاڵنەرێک کە کاریگەری لە سەر ڕای گشتی هەبێت، چوونکە دەوڵەتی نەتەوەیەک کاتێک دروستبوونی ئاسانتر دەبێت کە، نەتەوەکە لە ژێر هەڕەشەی نەماندا بێت و نادیە مورادیش نمونەی ئەو هەڕەشەیە لەسەر کورد.

لە لێدوانێکیدا نادیە موراد کە باس لە کاندید بوونی بۆ خەڵاتی نوبێل دەکات، ئازادیی ئێزدییەکانی بندەستی داعش بە گرنگتر لە وەرگرتنی خەڵات دەزانێت، ئەوەش نیشان دەدات کە نادیە موراد لەو پێشهاتەیە زیاتر لە بەرژەوەندیی تاکەکەسی، بەرژەوەندی گشتی لە بەرچاو دەگرێت، و ئەگەر ئەو ڕەوتەش بەردەوام بێت، دەتوانێ لە پلەی باڵوێزی نیاز پاکی، زیاتر بۆ خزمەت کردنی نەتەوەکەی کەڵک وەربگرێت.

هەر بۆیەش ئەگەر نادیە موراد چەند ساڵ بەر لە ئێستا تەنیا ناوی کچێک بوو لە شنگال، ئێستا پێناسەی ئازاری شنگال و نەتەوەی کوردە، ئێستا پێناسەی مێژووی توندئاژۆی داگیرکەران بەرانبەر بە نەتەوەی کوردە، پێناسەی هەموو ئەو کچانەیە کە بوونەتە قوربانیی کولتووری هەڵەی ئایین بەرانبەر بە ڕەگەزی مێ، هەر بۆیەش بۆ ئیمەی کورد وێڕای شانازی کردن بە نادیە موراد، دەبێ هاوکاریی زیاتری بکەین تا بتوانێ لە ئەرکەکانی خۆیدا سەرکەوتوو بێت، و هەروەها لە بەدەست هێنانی خەڵاتی نۆبێلی ئاشتییشدا سەرکەوتن بەدەست بێنێت، بۆ ئەوەی شرۆڤەی ئازارەکانی کورد بۆ بیانیەکان ئاسانتر بێت لە جاران، چوونکە نادیە مورادیش یەکێک لە بەڵگەکانە.

ئەگەر نادیە موراد چەند ساڵ بەر لە ئێستا تەنیا ناوی کچێک بوو لە شنگال، ئێستا پێناسەی ئازاری شنگال و نەتەوەی کوردە، ئێستا پێناسەی مێژووی توندئاژۆی داگیرکەران بەرانبەر بە نەتەوەی کوردە، پێناسەی هەموو ئەو کچانەیە کە بوونەتە قوربانیی کولتووری هەڵەی ئایین بەرانبەر بە ڕەگەزی مێ

# ئیبراهیم برۆ: سەرژمێرییەکانی پەیەدە هەڵە و ئامارەکانی ناڕاستن




لەسەر داوای وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی هۆڵەند، ئیبراهیم برۆ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە هاوڕێ لەگەڵ شاندێک، سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەی کرد.

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە لەم بارەوە ڕایگەیاند کە؛ لەو دانیشتنەدا پرسەکانی تایبەت بە سووریە و بەتایبەتی کوردستانی ڕۆژئاوا، خرانە بەر باس و ئاڵوگۆڕی بیروڕای لەسەر کرا.

بڕیارە دوای کۆتایی هاتنی سەردانەکەیان لە وڵاتی هولەند، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە و شاندی هاوڕێی، لەسەر بانگهێشتی نووسینگەی ڕاوێژکاری ئاڵمان ئانگێلا مێرکل، سەردانی وڵاتی ئاڵمان بکەن.

ئیبراهیم برۆ سەبارەت بە سەرژمێرییەکەی کانتۆنی جزیرێ و ئامارەکانی پەیەدە لەسەر کوردانی ڕۆژئاوا، ناڕەزایەتی خۆی نیشان دا و ڕایگەیاند کە؛ ئەو ئامارەی کە پەیەدە بڵاوی کردۆتەوە هەڵەیە و ئێستا بەشێکی زۆر لە کوردانی ڕۆژئاوا لە دەرەوەن.

ناوبراو لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا داوای لێپرسینەوەی لە پەیەدە کرد و وتی، ئامانجی پەیەدە لە دانی ئەو ئامارانە لەو کاتەدا ناڕوونە و دەبێ لێپرسینەوەی لێ بکرێ.

ئیبراهیم برۆ هەروەها ئاشکرای کرد کە؛ ئەو ئامارەی پەیەدە دەریدەخا کە بەشی سەرەکیی دانیشتوانی ئەو هەرێمە کورد نین، و ئەوەش لە داهاتوودا کێشەمان بۆ ساز دەکا، بۆیە دەبێ لێپرسینەوە لە پەیەدە بکرێت کە بە چ ئامانجێک ئەو کارەی کردووە و هۆکاری چییە کە هاوکات لەگەڵ شەڕ و کۆچبەربوونی خەڵکی کورد لە ڕۆژئاوا، ئەو ئامارەی بڵاو کردۆتەوە.

# یەکیەتی ئورووپا هۆشداری دایە بەشار ئەسەد



یەکیەتی ئورووپا بە فەرمی داوای لە ڕێژیمی بەشار ئەسەد کرد کە کۆتایی بەهێرشە ئاسمانییەکانی خۆی بۆ سەر حەلەب بهێنێت.

دوای ئەوەی ڕۆژی سێشەممە ٣٠ خەرمانان هێزە ئاسمانییەکانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد هێرشیان کردە سەر کاروانێکی هاوکاریی مرۆیی لە حەلەب، یەکیەتی ئورووپا بە فەرمی داوای لە ڕێژیمی ئەسەد کرد کە کۆتایی بە هێرشە ئاسماییەکانی خۆی بۆ سەر ئەو شوێنانە لە حەلەب بهێنێت کە تیرۆریستی لێ نیە.

فێدریگا مۆگرینی بەرپرسی کاروباری سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتی ئورووپا و کریستۆز ستیلیانیدزی ئەندامی کۆمسیۆنی هاوکاریی مرۆیی و بەڕێوەبردنی قەیران لە یەکیەتی ئورووپا، لەبارەی هێرشە ئاسمانییەکەی ڕێژیمی بەشار ئەسەد بۆ سەر کاروانێکی هاوکاریی مرۆیی لە حەلەب، ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە. ڕاگەیەندراوەکە سەرەڕای ئەوەی ئاماژە بەوە دەکا کە ئەو هێرشەی کە بۆ سەر کاروانی هاوکاریی مرۆیی لە حەلەب ئەنجام درا جێگەی قبووڵ کردن نیە، هاوکات پێداگری دەکات کە پێویستە هاوکاریی مرۆیی بە شێوەیەکی پارێزراو بۆ هەموو شوێنێک ڕەوانە بکرێت و بە هەموو شوێنێک بگات.

لە بەشێکی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە کە؛ پێویستە هەمیشە خەڵکی سڤیل و ئەو کەسانەی کە کاری گواستنەوەی هاوکاری مرۆیی ئەنجام دەدەن، پارێزراو بن.

ئەو دوو بەرپرسە لە یەکیەتی ئورووپا هاوکات سەرەخۆشی خۆیان پێشکەش بە بنەماڵە و کەسوکاری قوربانیانی ئەو هێرشە کرد.

## محەممەدنەزیف قادری:

# حیزبی ئێمە پێداگری لەسەر پێوەندییەک دەکاتەوە کە ڕێزی بەرانبەر، بەرژەوەندیی هاوبەش و نەتەوەیی و پرنسیپی سەربەخۆیی بڕیاردانی سیاسیی تێدا ڕەچاو بکرێن

دیمانە: سەلیم زنجیری
ئامادە کردنی: لەیلی حەسەنپوور

**بەردەوامی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات کە خۆی لە دەستپێکردنەوەی ئەو قۆناغە نوێیەی دا دەبینێتەوە، دەزگای پڕۆپاگەندەی ڕێژیم و هاوبیرانی و هەروەها نەیارانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە چڕی هێناوەتە دەنگ و ئەو خەباتەی بە پیلانی دەرەکی و گرێدراوی ولاتانی ناوچە وەکوو ئیسرائیل، عەرەبستان، قەتەر و ...هتد ناو دەبەن. بە مەبەستی باسکردن لەسەر ئەم مژارە و پرنسیپ و بنەما پێوەندییەکانی ئەم حیزبە، وتووێژێکمان لە گەڵ کاک محەممەدنەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێناوە کە سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشین:**

**پ: ئەگەر بکرێت پێناسەیەک لە پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتمان بۆ بکەیت کە لە سەر چ ئەساس، پرنسیپ و بنەمایەک بونیات نراون؟**

ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر پرنسیپ یا بنەمای پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکان و وڵاتان، بەگشتی دەگەڕێتەوە سەر کۆمەڵێك بیرۆکە یان بنەمای سیاسی کە لە خەباتی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا ڕەنگی داوەتەوە. یەکەم شت کە بۆ ئێمە لە دامەزراندنی پێوەندی یا پرنسیپی پێوەندیدا گرینگە، دەبێ لە دوو خاڵی بنەڕەتیدا ڕەنگ بداتەوە. بنەمای سەرەکی دەبێ لەسەر پرسی ڕێزی بەرانبەر و دوولایەنە بێ و جەوهەری ئەو پێوەندییەش لەسەر بڕوا بەخۆبوونی سیاسی و سەربەخۆیی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ.

هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا، حیزبی ئێمە بە سەروەری و شانازییەکی تەواوەوە توانیویەتی ئەو بنەما سیاسی و فکرییانەی کە سەرچاوەگرتووە لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد، پرۆسەی دێموکراسی لە ئێران و هەروەها لەبەرچاوگرتنی یاسا و ڕێساکانی ستاندارد لە چوارچێوەی پێوەندییەکاندان بەڕێوە ببات. بۆیە حیزبی ئێمە پێداگری لەسەر پێوەندییەك دەکاتەوە کە ڕێزی بەرانبەری لەگەڵ بێ، بەرژەوەندیی نەتەوەی کوردی لەپشت بێ و پرنسیپی سەربەخۆیی بڕیاردانی سیاسیی بەدواوە بێ. لەو پێوەندییەدا بە مەسئولیەتەوە دەتوانم بڵێم کە حیزبی دێموکرات توانیویەتی ئەو سیاسەتە پەیڕەو بکات و مێژوویەکی درەوشاوەی لەو پێوەندییەدا هەیە و بۆ ئەمەش نموونە ی زۆرمان لەبەر دەستدایە.

**پ: ئایا پێویست بە شاردنەوە یان هەڵوێستێکی بەرگریکارانە لە بەرانبەر ئەو پڕوپاگاندانەدا دەکات کە پێوەندییەکی لەم چەشنەتان لە گەڵیان هەیە یا نییە؟**

**و:** هەمووکات ئەسڵ لەسەر ئەوەیە کە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەباتێکی پشبەستوو بە ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و سەرچاوەگرتوو لە ویست و داخوازییەکانی نەتەوەی کوردە. بۆیە ئەگەر هەرکەس، لایەنێك و وڵاتێکی دێموکراتیك کە واقیعیەتی بزووتنەوەی کورد قبووڵ بکا و دان بە چەوساوەیی و ماف پێشێلکراویی نەتەوەی کورددا بنێ و یارمەتیدەرمان بێ، بە بڕوای ئێمە، یارمەتی بە داکۆکی لە ئازادی، دادپەروەری و پرۆسەی گەیشتن بە دێموکراسیی نەتەوەیەکی ماف پێشێلکراو دەکات کە بۆ مافەکانی تێدەکۆشێت. لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەو جۆرە پێوەندییانە تاوان نییە. بەڵام بەستراوەیی یا گرێدراوی جیاوازیی هەیە لەگەڵ پێوەندییەکدا کە لەسەر بنەمای ئەو خاڵانەی پێشتر ئیشارەم پێکرد بیچمی گرتبێ. پێوەندییەك کە لەسەر بنەمای ڕێزی بەرانبەر، بەرژەوەندیی هاوبەش و پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد و پێوەندیی لەسەر بڕیاری سیاسی خودی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بێ، بە بڕوای من ئەوانە خاڵی گرنگ و ئەرێنین لە گەشەکردن و بەرەوپێشبردنی ئەو پێوەندییانەدا کە دەبێ ڕەچاو بکرێن.

**پ: بەردەوامیی خەباتی حیزبی دێموکرات کە هەنووکە خۆی لەو قۆناغەدا دەبینێ و بەتایبەت ئەو بزاوتنانەی کە لەم دوایییانەدا دەستی پێکردووە، لە بەرانبەردا دەبینین کە کۆماری ئیسلامی و هاوبیرانی بە قووڵی پڕوپاگاندای ژەهراوی دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەن کە گۆیا گرێدراوی هێندێ وڵاتی ناوچەکەیە. ئەو بیرۆکەیەی ڕێژیم و هاوبیرانی لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ؟**

**و:** بە ئەزموون دەرکەوتووە ئەو لایەنە سیاسییانەی ئێرانی کە یارمەتیدەری ئەو بیرۆکەیەن، نایانهەوێ پرۆسەی دێموکراسی لە ئێراندا گەشە بکات وگەلانی نیشتەجێ لە ئێران بە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانیان بگەن و بزووتنەوەی کوردیش ئامانجە نەتەوەییەکانی بپێکێ، بۆیە لە هەر قۆناغێکی مێژوویيدا کۆمەڵێك پڕوپاگاندە بۆ کەمڕەنگ نیشاندانی ئەو کاریگەرییە ئەرێنییەی لەو بزووتنەوەدا هەیە، بڵاو دەکەنەوە کە ڕەنگدانەوەی لەسەر گشتییەتی پرۆسەکە هەیە. بۆیە هێندێ لایەنی سیاسی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە ئەم پڕوپاگاندانە بڵاو دەکەنەوە، بۆ خۆیشیان بە وردی دەزانن کە ئەم پرسە ئاوا نییە، بەڵام دەیانهەوێ ڕای گشتی چەواشە و لە کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ئەرێنیی ئەو خەبات و بزووتنەوەیە لە نێو ئێران و گەلانی ئێران، لە کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان و چالاکانی سیاسیدا کەم بکەنەوە بە جۆرێك نیشان بدەن کە ئێمە لەگەڵ دونیای دەرەوە و لەگەڵ لایەنەکانی دەرەوەی سنووری ئێران پێوەندیمان هەیە، بۆیە ئەم سیاسەت یان عەقڵیەتە، عەقڵیەتێکی نوێ نییە، بەڵکوو کۆن و سواوە.

ئەو خنە و پڕوپاگاندانەی ڕێژیم، ڕەنگ و سەردەمی نەماوە. سەردەمانێك بزووتنەوەی کوردیان تاوانبار دەکرد کە ئەوە لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ئیستکباری جیهانی پێوەندیی هەیە، یان لەگەڵ فلانە وڵاتی دراوسێ، ئێستاش تاوانبارمان دەکەن کە لەگەڵ سعودییە، قەتەر، ئەمریکا و لایەنەکانی دیکە پێوەندیمان هەیە. ئەو کارانە بۆ ئەوە دەکەن کە ئامانجی تایبەتی خۆیان بپێکن کە مەبەست لێی ئاڵۆز کردن یان دردونگ کردنی کەشی سیاسیی ئێرانە و بۆ ئەوەی زیاتر بتوانن ئامانجە دژی گەلییەکانی خۆیان لە سەرکوت و کەمبایەخ کردنی ڕۆڵی ئەو خەباتە وکاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگای کوردستان و ئێران بپێکن. هەروەها بۆ ئەوەیە کە هێزە سەرکوتکەرەکانی خۆی بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان، هێزی پێشمەرگە و گرتن و کوشتنی خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی و نیشتمانپەروەرانی کورد زیاتر بەسیج بکا.

**پ: دوای ٢٠ ساڵ لە ڕاگرتنی بەرخۆدانی چەکداری، ئایا لە جیاتی چارەسەری پرسی کورد، پێویستی دەکرد کۆماری ئیسلامی ئاوا تووشی تەوەهوم بێ و دەست بداتە پڕوپاگاندا و ئەو خەباتەی حیزبی دێموکرات بە وڵاتانی دەرەکییەوە ببەستێتەوە؟**

**و:** ئێمە ئێستا لێکدانەوە لەسەر دۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان بە گشتی دەکەین. ئەو ڕاستییە ڕوونە و هیچکەس گومانی نەماوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی عەقڵییەتی دیالۆگ و چارەسەری پرسی نەتەوەکان و پرسی سیاسیی نەتەوەی کوردی نییە و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەردەوام سیاسەتی گوشار و نکۆڵی کردن لە شوناسی نەتەوەیی کورد و سیاسەتی زەبروزەنگە و بەردەوامیشە لەسەر ئەو سیاسەتە. بۆیە گەلانی ئێران و بەتایبەت گەلی کورد و ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی، بێ دوودڵی و هیچ تەوەهومێك، دەبێ زیاتر لە پانتای سیاسیی ئێران و سەنگەری بەرخۆدان و خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە گوڕوتینی زیاترەوە ڕۆڵی سیاسی و نەتەوەیی خۆیان بگێڕن. هەروەك تا ئێستا کوردستان سەنگەری داکۆکی کردن لە ئازادی لە سەراسەری ئێراندا بووە، دیسان کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ ئەو سەنگەرە لەگیران نەهاتووە بێ و لە داهاتوویشدا زیاتر بتوانێ دەنگی ئازادی، دێموکراسی و داکۆکی کردن لە پرنسیپە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد و بەها مرۆییەکان بگەیەنێ.

**پ: بەردەوامی خەباتی حیزبی دێموکرات دوای ئەو قۆناغە نوێیە، دەنگدانەوەی مەزن و بەربڵاوی لە ئاستی جیهانیدا هەبووە، ئێوە لایەنی پۆزەتیڤی ئەو بزاوتە لە چیدا دەبینن؟**

**و:** دەتوانین ئاماژە بە زۆر خاڵ بکەین. یەکەم، کۆماری ئیسلامی لە ڕاگەیاندن و پڕوپاگاندەکانیدا باسی ئەوەی دەکرد کە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەماوە. هەوڵی دەدا بە شێوەی جۆراوجۆر فەزای کوردستان زیاتر بە دیاردەگەلی ناحەزی کۆمەڵایەتی ئالوودە بکات، لاوانی کورد تێکەڵ بە مادده هۆشبەرەکان و بەرەو سەنگەرەکانی داعش ڕێنوێنی، یان لە ڕیزی لایەنە توندئاژۆ و تیرۆریستییەکانی گرێدراوی خۆیدا بەکوشت بدات. هەوڵ دەدا بە ئەمنییەتی کردنی زیاتری کوردستان، فەزای ترس و دڵەڕاوکێ پەرە بدات. بەڵام ئەو حەرەکەتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەموو ئەو بیرۆکانەی ڕەواندەوە و لەڕاستیدا پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە پەیامی نەورۆزی ئەمساڵی بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەو مزگێنییەی بە کۆمەڵانی خەڵك دا کە حیزبی دێموکرات هەر ئەو هێزە سیاسییەیە کە دەتوانێ لە نێوخۆی کوردستان و لە بواری سیاسیدا ڕۆڵ بگێڕێ و هێز و وزەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەجێی خۆیەتی و دەتوانێ مزگێنیی زیاتر چالاك بوون و بوونی کادر و پێشمەرگەکانی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و پێوەندییەکانی تێکۆشەرانی دێموکرات لەگەڵ چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی، لە ئاستێکی بەرینتردا ڕێکبخاتەوە و دەتوانێ ناوەند بوونی خۆی لە نێو بزووتنەوەی نیشتمانی و نەتەوەیی کورددا هەر بەو شێوەیە کە تا ئێستا پیشانی داوە بە کردەوە دەر بخا و لەو پێوەندییەدا دەتوانم بڵێم پڕوپاگاندەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، نەیارانی کورد و ئەو دەستە و تاقمانەی لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامیدا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بانگەشە بۆ سیاسەتەکانی ڕێژیم دەکەن، ناکاریگەر و پووچەڵیان بکاتەوە. لایەنی دووهەمی، لە ئاستی نێونەتەوەییدا کۆماری ئیسلامی وای پیشان دەدا کە لە کوردستان و ئێراندا ئۆپۆزیسیۆنێك نییە، بەڵام چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرنجی ڕای گشتی و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە بزووتنەوەی مافخوازی و ئازادیخوازیی کورد و هەروەها حیزبی دێموکرات، خاوەنی ئەو توانا، لێهاتوویی و پوتانسیەلەیە کە دەتوانێ لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەییدا حیسابی لەسەر بکرێ، بۆ ئەوەی وەك فاکتەرێکی بەهێز بۆ پشتیوانی کردن لە پرۆسەی دێموکراسیی ئێران و گەشەکردن و پەرەسەندنی بزووتنەوەی کورد ڕۆڵی مێژوویی بگێڕێ.

لە هەموو ئەمانەش گرنگتر، خەڵکی کوردستان بە حزووری حیزبی دێموکرات و چالاکیی کادر و پێشمەرگەکان و تێکۆشانی ئەندامەکانی لە ئاستی جۆراوجۆردا لە نێوخۆ و دەرەوەدا گوڕوتینێکی وایان بە خەباتی کوردستان بەخشی کە تەنانەت خودی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیشی تووشی دەستەپاچەیی کرد. هەرئەو لێدوانانەی بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران نیشانی دا کە چەندە دەستەوەستانە بەرانبەر بەو حزوورە چالاکە و بە پشتیوانیی خەڵك لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات. لە هەمووی گرنگتر ئەو پێگە جەماوەرییەی کە حیزبی دێموکرات لەنێو کۆمەڵگای کوردەواری و ئازادیخوازانی ئێراندا هەیەتی، دەتوانم بڵێم ئەوە بۆ خۆی کۆمەڵێك خاڵی ئەرێنی بوون کە لەو حەرەکەتی ئێمە بینرا و دەبینرێ.

**پ: بۆ دەستپێکردنەوەی ئەو قۆناغە نوێیە، گەڵۆ ئێوە لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆن ڕاوێژ و گفتگۆتان کردبوو بۆ ئەوەی لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا هاوکاری و هەماهەنگی زیاترتان هەبێت؟**

**و:** زۆرجار باسی ئەوە کراوە کە لەگەڵ هێزە سەرانسەرییەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانیشتن و دیالۆگمان هەبووە یان نا؟ بە مەسئوولیەتەوە دەڵێم ئێمە بەردەوام لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وتوێژ و دیالۆگداین. هەموو هەوڵی ئێمە ئەوە بووە بتوانین پێکەوە و بە یەك گوتارەوە ئەو حەرەکەتە لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا چالاکتر بکەین. بۆیە سەرەڕای ئەوەیکە لە باری بیروباوەڕ و شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ پرسەکاندا ڕەنگە هەرلایەنێك تێڕوانین و تێبینیی تایبەتی هەبێ، بەڵام ئەوەی ئێمە دەیبینین هەموو هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چەپ و نەتەوەییەوە، ئێستا پشتیوانی لەو خەباتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەن، چوونکە ئەو خەباتەی ئێمە، خەباتێکە بۆ پاشەکشەکردن بە کۆماری ئیسلامی و مەجال نەدان پێی کە سیاسەتە دژە مرۆییەکانی لە کوردستاندا بەڕێوەبەرێ. بۆ ڕزگاریی گەلی کورد و گەیشتن بە مافەکانی، ئەو خەباتەی ئێمە فاکتەرێکی لەبار و گونجاوە بۆ چالاکتر کردنی پرۆسەی دێموکراسی لە ئێران و هەروەها زیاتر دەرەتان ڕەخساندن بۆ چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی لە کوردستان و سەرانسەری ئێران و گرێدانی ئەو خەباتە بە گەلانی مافخوازی ئێرانەوەیە. لەو پێوەندییەدا ئێمە هەم لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی کورد دانیشتن و وتوێژمان بووە و هەمیش لەگەڵ حیزبە سەراسەرییەکانی ئێران کە تەوەهومێکیان بەنیسبەت خەبات دژی ئەو ڕێژیمە و ڕووخانی کۆماری ئیسلامییەوە نییە، پێوەندیمان بووە.

**پ: هەڵوێستی حیزبە سەرانسەرییەکان لەم پێوەندییەدا و کێشەیان لەگەڵ حیزبی دێموکرات و گەلی کورددا چییە؟ بۆ نموونە چوونی ئەندامێکی حیزب بۆ حەج کە وەک میدیاکار دەعوەت کراوە، ئێستا بووەتە وێردی سەر زاریان و بەردەوام پڕوپاگاندای بە دژی حیزبی دێموکرات دەکەن؟**

**و:** ئێمە لەگەڵ هەموو حیزبە ئێرانییەکان کە باوەڕیان بە دێموکراسی و چارەسەری پرسی کورد و گەیشتنی بە مافەکانی ببێ، پێوەندیمان بووە و بەردەوامیش دەبین لەسەر ئەو پێوەندی و هاوکاریانەمان. ئەوەی کە زۆرجار پرسی لاوەکی دەکەنە پرسی ڕۆژیان و ڕاگەیاندنەکانیان و پڕۆپاگاندای پێوە دەکەن، لە ڕوانگەی ئێمەوە پرسێك نییە کە گرنگیی پێ بدرێ. ئەوەی کە کەسێك بۆ زیارەت بچێتە سعوودی و وەك تاکێك لە ژیانی تایبەتیی خۆیدا چۆن هەڵسوکەوت دەکات، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ مافی ئەو مرۆڤە. بەڵام ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چ لە پێوەندییەکانیدا و چ لە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ هەر لایەن و دەوڵەتێکی تایبەتی، لە ڕێگای کاناڵی فەرمیی خۆی، وتەبێژ و ناوەندی بڕیاردانی سیاسیەوەیەتی. سیاسەتی ئێمە ڕوونە و پێوەندی گرتن لەگەڵ هیچ لایەنێك تاوان نییە، ئەوە گرنگە کە ئەو پێوەندییە لەسەر چ بنەمایەك بیچم دەگرێ. بۆ ئێمە ئەو پرنسیپانەی باسم کردن، پرنسیپی سەرەکی و بنەمایین لە پێوەندییەکانماندا. ڕێژیمی ئیسلامی ئێران دەمێ ساڵە دژی ئەمریکا دروشم دەدا، بەڵام لە دەیان قۆناغی کاتیدا دەرکەوتووە کە ئێران و ئەمریکا پێوەندییان هەبووە. ئەو دروشمی «نە شەرقی نە غەربی»یەی کە کۆماری ئیسلامی دەیدا و شۆڕەشی هەناردە و پڕوپاگاندای لەسەر دەکرد، بە کردەوە دەرکەوت کە هەمووی بێ بنەمایە و بۆ پاراستنی خۆی و دەسەڵاتەکەی، و ئەنجامدانی تاوانی زیاترهەوڵ دەدا لەگەڵ شەرق و غەرب پێوەندی بگرێ و بە کردەوەش دەرکەوتووە کە ڕێژیم بۆ مانەوەی خۆی، لەگەڵ شەیتانی گەورەش دادەنیشێ و دیالۆگ دەکات. بەڵام ڕێژیم لەو پێوەندییانە بۆ سەرکوت و خنکاندنی دەنگی ئازادیخوازان و خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادییە لە ئێراندا کەڵک وەردەگرێ. ئەگەر ئێمە وەك کورد یا گەلانی دیکەی ئێران یا هەر هێزێکی سیاسیی ئێران بۆ پاراستنی بنەما و بایەخە مرۆییەکان و بۆ خەبات لە پێناو ئازادی و دێموکراسی، دابینکردنی یەکسانی و گەیشتنی کورد بە مافە ڕەواکانی، بتوانین پشتیوانی لایەنێك، ئێن جی ئۆ، ڕێکخراوێکی مرۆیی یا وڵاتێکی دێموکراتیك بۆ لای خۆمان ڕابکێشین، بۆچی تاوانە؟

**پ: ئێستا ئێوە پێوەندیتان بەو لایەنانەوە هەیە کە کۆماری ئێسلامی باسی دەکات؟**

**و:** پێویست ناکا من بچمە نێو ئەو بابەتەوە، من باسی سروشتی پێوەندی دەکەم.

**پ: گەڵۆ ئەو مافە بە ئەحزابی تر دراوە کە هێڵ و سنوور بۆ پێوەندی پارتێکی سیاسیی دیکە دیاری بکەن یا بە پێچەوانە، بۆ حیزبی دێموکرات ڕەوایە سنوور بۆ لایەنیکی دیکە لە پێوەندییەکانیدا دیاری بکات؟**

**و:** ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سروشتی سیاسەت کردن و پێوەندیمان دەستێوەردان لە کاروباری هیچ لایەن و حیزبێکی سیاسی دا نییە و ئیزن بە هیچ کەس و لایەنێکیش نادەین ڕێگا بۆ ئێمە دیاری بکات یا بە پێی عەقڵییەتی ئەو سیاسەت بکەین. پێوەندی ئێمە لەسەر دەستنیشان کردنی سیاسی و هەڵسەنگاندنی خۆمانە کە کۆنگرە دیاریی و ڕێبەریی حیزبیش پراکتیزەی دەکات. لەو پێوەندییەشدا، هەر پێوەندییەك و هەر لایەنێکی سیاسی یارمەتیدەری ئێمە بێ، بە شێوەی سروشتی پێوەندیی لەگەڵ دەگرین و پێوەندییەکەش لەسەر بنەمای ڕێزی بەرانبەر دەبێ.






ئەمڕۆ ٣١ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی هاوکاتە لەگەڵ ٥٢هەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی ژنەشاعێری جوانەمەرگی کوردستانی ڕۆژهەڵات.

ژیلا حسێنی لە ماوەی ژیانی کورت و پڕ بەهرەی خۆیدا وێڕای چەندین وەرگێڕان و بابەتی ڕەخنەیی بە نرخ لەبواری ئەدەبیدا، ئەم بەرهەمانەی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە:

گەشەی ئەوین: دیوانی شێعر ١٣٧٤

قەڵای ڕاز: دیوانە شێعر ١٣٧٦

چەتر: کۆمەڵە شێعرێکی منداڵان ١٣٩٣

ژیلا حسێنی یەکەمین ژنەشاعێری کوردستانی ڕۆژهەڵاتە کە لە دوای مەستوورەی کوردستانی، بە کوردی و بەشێوەی چاپ کراو لە چوارچێوەی دیوانی شێعردا بەرهەمی بڵاو کراوەتەوە.

ژیلا حسێنی ٣١ی خەرمانانی ١٣٤٣ لە شاری سەقز لەدایک بووە، و ٦ی ڕەزبەری ١٣٧٥، لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا لە نزیک شاری دێولان، وێڕای کچە تەمەن ١٠ مانگانەکەی بە ناوی «ژینا» کۆچی دوایی کرد.




## دوای ٢٠ ساڵ...

شاخ خۆڕاگریتان لێ فێر بوو
ئاسمانیش بەخشندەیی
هێند گەورە بوون
سیروان هاتبوو لە ڕووباری نیگاتانا
مەلەی دەکرد.
پێش کازیوە ئێوە هاتن و دڕتان بە تاریکی شەو دا.
مەشخەڵ بوون و
تیشک بوون و
ڕووناکی بوون لە دوای ٢٠ ساڵ
گەڕانەوە و لە شەوەزەنگی بێداد دا سەرتان هەڵدا.
دوا ئایەتی نێردراوی خوان
کە لە شەوەکانی قەدر دا نازڵ کران.
من دەزانم
هاوڕێیانم
هەنگی بەختی هەژارانن
پورەی بەختەوەری باخن
ڕێبوارانی ڕێگەی خۆرن ،
ئەوینداری چیا و شاخن...؛

## گەڕایتەوە...

بۆ شەهید شۆڕش مینبەری
شۆڕەسوارەکەی کۆساڵان
***
گەڕایتەوە...
ناخت پڕ کەی لە هەتاو
و...
ڕوحت ئاوێتەی بەفراوی کوردستان بێ
چیا ، چیا چاوەڕێت بووین
سەنگەر، سەنگەر گەڕایتەوە
خاک تامەزرۆی دیدارت بوو تاسەی نەشکا بە هەنگاوت
بۆیە لە ئامێزیگرتی
بەڵێ هاوڕێم لە شاخ و شار شکۆفەی دا چاوەڕوانی ...
چڵە گێلاسێکی شنۆ بە سابڵاخا باڵی گرت و «کۆساڵان «ی کردە جێگەی حەسانەوەی
ئەوڕۆ «شۆڕش» لە هەناوی هەمووماندا
گڕ دەهاوێ
ئەوڕۆ «نیەر» پێش خۆرەتاو گزنگی نارد بەرەو قەندیل...؛

ڕاسان









# KURDISTAN

*Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan* ▪ *No: 685* ▪ *21* sep 2016

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia


